# ANNUAL REPORT
# 2018 2

بڵاوكراوەكانی ڕێكخراوی ستۆپ

زنجیرەی (16)

پرۆژەی ماوبەشی تۆڕی تارگێت بۆشەفافیەت
و سەروەری یاسا و ڕێكخراوی ستۆپ بۆ دژە
گەندەڵی بە پاڵپشتی سندوق نیشتیمانی بۆ
دیموكراسی (NED) ئەمریكی جێبەجێ دەكرێت

# هەڵسەنگاندن و ئاستی جێ بەجێ كردنی

## یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری




Stop Organization
for anti-corruption

Target Network
Transparency & Rule of Law

National Endowment
for Democracy

راپۆرتی دووەم

راپۆرتی ساڵانە

# ھەڵسەنگاندن و ئاستی جێبەجێ کردنی

## یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری

Annual Report 2018

# Assessment and implementation level of the

## Law on Access to Information

ئامادەکردنی تۆڕی تارگێت بۆ شەفافیەت و سەروەری یاسا و رێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی بە پاڵپشتی سندوقی نیشتیمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی (NED)

راپۆرتی شەش مانگی (دووەم)

تەموزی 2018

**پرۆژەی: بەهێزکردنی لێپرسینەوەو دەسەڵاتی یاسا لە هەرێمی کوردستان**

to Promote Accountability and Rule of Law in Kurdistan Region:Project

# ناوەڕۆک

ناساندن
پێشەکی
بەشی یەکەم
ئاستی جێبەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری
بەشی دووەم
ڕاپرسی لەسەر ئاستی جێبەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری
بەشی سێیەم
چاودێری ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکانی (پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان)
سەرچاوەکان
بەڵگە و دیکۆمێنتەکان

# ناساندن

**ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی-SOAC:** ڕێکخراوێکی کوردستانیە بەگوێرەی یاسای (1)ی ساڵی 2011 لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان تۆمارکراوە، ڕێکخراوی ستۆپ لەبواری بەدامەزراوەیی کردن و ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی بواری لێپرسینەوەو شەفافیەت لەهەرێمی کوردستان کاردەکات، ئەویش لەڕێگای پاڵپشتی بۆ بەهێزکردنی دامودەزگاکانی تایبەت بە چاودێری و لێپرسینەوە و نەهێشتنی گەندەڵی و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵیان، هاوکات چاودێریکردنو بەشداری کردن لە فشارە مەدەنیەکان و جێبەجێ کردنی پرۆژەی درێژخایەن لەو بوارە. ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

**تۆڕی تارگێت بۆ شەفافیەت و سەروەری یاسا:** تۆڕێکی کوردستانیە لە ساڵی 2017 لە کۆمەڵێك ڕێکخراوی کۆمەڵ مەدەنی و چالاکوان و ڕۆژنامەنوس پێکهاتووە، ئێستا تۆڕی تارگێت بە هاوکاری ڕێکخراوی ستۆپ و پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی (NED) کار لە سەر چاودێری ئاستی جێبەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری دەکات.

**سندوقی نیشتمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی - NED:** دەزگایێکی تایبەتی قازانج نەویستە (نابازرگانی) یە کە لەساڵی١٩٨٣ دەمەزراوە بە ئامانجی گەشەکردن و زیاتر بەهێزکردنی دیموکراسی لەسەرانسەری جیهان . بەشێوەیکی سەرەکی لایەن کۆنگرێسی وەلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شایستە دارایەکان لەبودجەی وەڵات بۆ دابین دەکرێت. ئەم دامەزراوەیە ساڵانە زیاتر بە (١٢٠٠) بەخشین لە (٩٠) وڵاتی جیاواز پاڵپشتی لەو پرۆژانە دەکات کە لایەن ئەو ڕێکخراو و گروپ ناحوکومییە - سەربەخۆکان پێشەکەش دەکرێن کە ئامانج و کارکردنی بڵاوکردنەوەی و چەسپاندنی دیموکراسییە. دەزگاکە لەلایەن ئەنجوومەنێك بەڕێوەدەبرێت کە کەسایەتی ناودار و پسپۆر و شارەزای چەندین بواری جیاوازی تێدایە کە سەربەخۆن لە بڕیاردان.

**پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا:** پرۆژەیەکی درێژخایەنی ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی (NED) جێبەجێی دەکات، لە تەموزی ساڵی 2015 دەستی پێکردوە:

سیزنی یەکەم و دووەم: کاری لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سێ مانگی لە بارەی گەندەڵی و پێشێلی یاسا و چاودێری چاکسازی لە چوارچێوەی پرۆژەکە بڵاودکرێتەوە، کە بریتی بوو لە دیکۆمێنتکردنی ئەو دۆسیە و بەدواداچونانەی کە وەك گەندەڵی لە میدیا بڵاودەکرێتەوە، دواتر پێشکەشی (سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێم) دەکرا و، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و بە دواداچون، بەئامانجی بەهێزکردنی پرۆسەی لێپرسینەوە و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی. هاوکات بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی وەرزییەکان لە پرێسکۆنفرانسێك، بە ئامادەبوانی بەرپرسانی حکومی و حزبی و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و نوێنەری داواکاری گشتی و دەستەی دەسپاکی. هەروەها ئەنجامدانی چەندین وۆرك شۆپ بۆ چالاکوانان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی.

سیزنی سێیەم: لەو وەرزەدا جێبەجێ کردنی پرۆژەکە لەسەر سێ ئاستدابوو، ئاستی یەکەم، بە هاوکاری تۆڕی تارگێت چاودێری ئاستی جێبەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری دەکرێت، ئاستی دووەم، چوار چالاکی تایبەت بە (دامەزراوەی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان و پرسی هەمواری یاساکەی) لە هەر چوار شاری هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و سلێمانی هەیە، بەمەبەستی دروستکردنی فشارە بۆ هەمواری یاسای داواکاری گشتی بۆ بەهێزکردنی ئەو دامەزراوەیە و گفتوگۆ لەبارەی باشترین ڕێگا بۆ ئەو ئامانجە، هاوکات باشتر ڕوونکردنەوەی ئەرکی داواکاری گشتی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندی ڕێکخراوەکان لەگەڵ ئەو دامەزراوە گرنگە. ئاستی سێیەم، ئامادەکردنی گلۆسەریەك لەبارەی چەمك و زاراوەکانی تایبەت بە پرسی گەندەڵی و شەفافیەت و حکومڕانی باش.

# پێشەکی

یاسای ژمارە (11)ی 2013 مافی دەستکەوتنی زانیاری[1]. یەکێکە لە یاسا زۆرباشەکان کە دەتوانێ رۆڵێکی گەورە بگێرێت لەبواری زیادکردنی شەفافیەت و گەیشتن بە زانیاری کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی حوکمڕانی باش، بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەو یاسایە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو تۆڕی تارگێت بۆ سەروەری یاسا کە پێکهاتوە لە نوێنەری چەندین رێکخراو و چالاکی مەدەنی و رۆژنامەنووس چاودێری ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکەی کردووە، بۆ ئەوەش رێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی وەک بەشێک لە پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لە هەرێمی کوردستان کە پشتیوانی کراوە لەلایەن سندوقی نیشتیمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED پشتیوانی دارایی و مەغنەوەی تۆڕەکەی کردوە.

لە مانگی مارسی ٢٠١٨ یەکەم ڕاپۆرتی شەش مانگی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی یاساکەی بڵاوکردەوە، ئەو ڕاپۆرتەی بەردەستت دووەم ڕاپۆرتی شەش مانگی چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکەیە.

بۆ ئەو مەبەستە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کە بەرپرسی جێبەجێکردنی یاساکەیە کراوە، هاوکات هەماهەنگی لەگەڵ سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە کە بەهاوبەشی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ رێنمایی جێبەجێکردنی یاساکەیان ئامادەکردووە کە تا ئێستا لە رۆژنامەی واقائیع بڵاونەکراوەتەوە ئەگەرچی لەبەرواری (٢٠١٦/١٠/١١) لەدانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراوە.

بڵاونەکردنەوەی رێنماییەکە کە وەک سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوێنەری تۆڕی تارگێت-ی ڕاگەیاندوە بەشێکی پەیوەندی بە لاوازی بەدەمەوە هاتنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم هەیە کە ئامادەنەبونە رەزامەندی نیشان بدەن بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی رێنماییەکە، کە بەشێوەیەکی مۆدێرن و سوود وەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە شەفافەکان ئامادەکراوە.

ئەوەی گرنگە زانیاریەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو یاسایە چەندە پێویستە بۆ بەهێزکردنی شەفافیەت لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، بۆیە جارێکی تر داوا دەکەین بەزووترین کات رێنماییەکە بڵاوبکرێتەوە لە واقائیع و، دامەزراوەکان ناچاربکرێن بەجێبەجێکردنی ناوەرۆکی یاسا و رێنمایی جێبەجێکردنەکەی، بەپێچەوانەوە یاساکە هەر وەک مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە و، وەک زۆرێک لەو یاسا باشانەی کە تەنها کێشەیان ئەوەیە جێبەجێ ناکرێن.

دواین خاڵ تایبەتە بە پەرلەمانی کوردستان کە بەداخەوە وەک لەبەشێکی ئەو ڕاپۆرتە هاتوە هیچ ئاسانکاریەکی نەکردووە بۆ نوێنەری تۆڕی تارگێت بۆ گەیشتن بە زانیاری بەپێی ئەو یاسایەی کە لە خودی ئەو پەرلەمانە دەرچووە، ئەوە

(1) دەقی یاساکە لە لە پاشکۆی ژمارە (1) دایە.

پێشینەیەکی یەکجار خراپە بۆ کاری پەرلەمان، هیوادارین ئەو جۆرە حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە و، ئەوان لەجێی پێشێلکردن بنە یەکەم لایەنی جێبەجێکردنی یاساکان و، پێشینەیەکی باش بدەن لەو بوارەیەوە.

## چۆنیەتی کارکردن تۆری تارگێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری

تۆڕی تارگێت بۆ شەفافیەت و سەروەری یاسا لە رێگای پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا بەهاوکاری رێکخراوی ستۆپ چاودێری ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکە دەکات لە رێگای بەدواداچون بۆ دامەزراوەکان بۆ پابەندبون بە ناوەڕۆکی یاساکە، ئەگەرچی ئێستا بەربەستی بەردەم ئەو کارە بریتیە لە دەرنەچونی رێنمایی جێبەجێ نەکردنی یاساکە بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە کارکردن لەسەر ئەو یاسایە نەوەستاوە، تۆڕی تارگێت لە رێگای دروستکردنی لیژنەی تایبەتی ناوخۆیی و، ئامادەکردنی  فۆرمی تایبەت کە یەکانگیر بێت لەگەڵ بەرپرسیاریەتی دامەزراوە حکومیەکان لەسەر پێدانی زانیاری بەگوێرەی یاساکە، بۆ ئەو ڕاپۆرتە تۆڕ بەهۆی دەرنەچونی رێنمایی یاساکە پێ ی باش بو لە رێگای ڕاپرسیەک بۆچونی توێژەر و رۆژنامەنووس و چەند چین و توێژێکی تر ئاستی شەفافیەتی دامەزراوەکان بۆ پێدانی زانیاری هەڵبسەنگێنێت کە لەبەشەکانی تری ئەو ڕاپۆرتە وردەکاری ڕاپرسیەکە بڵاوکراوەتەوە، هاوکات هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئاستی پابەندبونی دامەزراوە حکومیەکان و فەرمیەکان بەناوەڕۆکی یاساکە و پێدانی ڕاپۆرتی ساڵانە.

تۆڕی تارگێت هەروەها بەرنامەی هەیە لە کاتی دەرچونی رێنماییەکە کە ئەوکات جێبەجێکردنی رێنماییەکە دەبێتە ئەرکی هەموو دامەزراوەکان بەشێوەیەکی فراوانتر چاودێری ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکە بکات و، ڕاستەوخۆ زانیاری لە دامەزراوەکان وەربگرێت و، بەدوادچون بکات بۆ هۆکاری جێبەجێ نەکردن یاخود جێبەجێ کردن بەشێوەیەکی کەموکوڕ.

# چۆنیەتی کارکردن بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری

پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2013 یاسای ژمارە (11)ی بەناوی (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان - عێراق) دەرکرد و، لە کۆتایی ئەو ساڵە لە رۆژنامەی (الوقائع الكوردستان) بڵاوکرایەوە، بەپێی ماددەی یەکەم برگەی (3) و ماددەی سێیەم لە یاساکە (دەستەی سەبەربەخۆیی مافی مرۆڤ) راسپێردراوە بە چاودێری کردنی یاساکە، دەستە لە بارەی کارو چالاکیەکانیەوە راپۆرت بەرز بکاتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ رای گشتیش بڵاوبکاتەوە.

## ریشەی کارکردن بە یاساکە:

1. دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ وەك هەنگاوی یەکەمی دەست بەکاربوونی لە بەرێوەبەرایەتی یاسایی لە دیوانی دەستە لە 2014/1/14 دا (11) خاڵ بۆ چۆنیەتی کارکردن بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری دەرکرا[2].

2. بەپێی ماددەی یەکەم برگەی (6) لە یاساکە دەبێ لە هەر دامەزراوەیەك فەرمانبەرێك دەستنیشیان بکرێ بە مەبەستی داواکاری و بە دەستهێنانی زانیاری بە هاوڵاتیان، هەروەها لە ماددەی سێزدەیەم لە یاساکە پێویستە لەسەر دامەزراوەکان هەر (4) مانگ جارێك راپۆرتێك ئاراستەی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ بکەن. لە سەرەتای ساڵی 2014 دا دەستە چەند نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی دامەزراوەکان دەکات بە مەبەستی پابەندبونیان بە یاساکە بەتایبەتی ئەو دوو مادەی سەرەوە باسکرا، کە داوا کراوە نوێنەرێك دەست نیشان بکەن و راپۆرتی چوار مانگی بۆ دەستە بنێرن. لێرە ئاماژە بە ژمارەو بەرواری ئەو نوسراوانە دەکەین:

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:** بە نوسراوی ژمارە (7) لە 2014/1/29 ئاگادار کراوەتەوە.

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:** بە نوسراوی ژمارە (8) لە 2014/1/29 ئاگادار کراوەتەوە.

**سەرۆکایەتی پەرلەکانی کوردستان:** بە نوسراوی ژمارە (9) لە 2014/1/29 ئاگادار کراوەتەوە.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری:** بە نوسراوی ژمارە (11) لە 2014/3/4 ئاگادار کراوەتەوە.

**فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان:** بە نوسراوی ژمارە (22) لە 2014/3/27 ئاگادار کراوەتەوە.

**دەستەی دەسپاکی و دیوانی چاودێری دارایی:** بە نوسراوی ژمارە (23) لە 2014/3/30 ئاگادار کراوەتەوە.

**وەزارەتی بازرگانی:** بە نوسراوی ژمارە (24) لە 2014/3/30 ئاگادار کراوەتەوە[3].

3. ئەنجومەنی وەزیران دوو نوسراو ئاراستەی دامەزراوەکان دەکات بەمەبەستی کارکردن بە یاساکە:

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران نوسراوی ژمارە (1214) لە بەرواری 2014/2/18 دا بۆ تەواوی وەزارەتەکان و دەستە و دامودەزگا و فەرمانگەکان گشتاندووە. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەریان بۆ وەرگرتنی داواکاری بە دەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوون بە گوێرەی ماددەی سێیەم لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری.

---

(2)تەواوی خاڵەکان لە پاشکۆی ژمارە (2) دایە.

(3) گشت نوسراوەکان لە پاشکۆی ژمارە (3) دایە.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران نوسراوی ژمارە (2086) لە بەرواری 2014/4/6 دا بۆ هەمان مەبەست راستەوخۆ نامەی بۆ ژمارەیەك لە وەزارەتەكان و فەرمانگە و دەستەكان ناردووە[4].

4. بەپێی مادەی بیست و یەكەم لە یاساكە، "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات". بۆ ئەو مەبەستە دەستەی سەربەخۆیی مافەكانی مرۆڤ لە مانگی 3ی 2014 تاوەكو مانگی 12ی 2014 چوار نوسراوی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران كردووە، بەڵام وەڵامی هیچ نوسراوەكی نەدراوەتەوە.

5. رێنمایی جێبەجێ كردنی یاساكە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ تائێستا ماوەتەوە. لەبەرواری (٢٠١٦/١٠/١١) لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران ئەو بابەتە گفتوگۆ كرا و، لە ڕاگەیەندراوی دوای دانیشتنەكە هاتوە،(پەسەند كردنی ڕێنمایی بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری، لە (٢٠١٦/١٠/١١) لە كۆبونەوەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، سەفین دزەیی وتەبێژی فەرمیی حكوومەت و بەرپرسی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، پرۆژەی ڕێنمایی بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری، ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣، پێشكەش كرد. بەپێی ئەو ڕێنماییانە، یەكەی زانیاری لە گشت دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان دادەمەزرێت بۆ ئەوەی زانیاریەكان بە شێوەیەكی ڕاست و دروست لە چوارچێوەی چەند ڕێكارێكی كارپێكراودا بگاتە دەست هاووڵاتیان. ئینجا دوای خستنەڕووی چەند سەرنج و تێبینییەك لەسەر پرۆژەكە، بە شێوەیەكی مەبدەئی پەسەند كرا) واتە قۆناغی پەسەندكردنی لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیوە، دواین دانیشتن كە بۆ پێداچونەوە بە ڕێنماییەكە بەگوێرەی تێبینیەكانی ئەنجومەنی شورا لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٢ ئەنجامدراوە، بەو شێوەیە ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی نوسینەوەی ڕێنماییەكەی دەكرد ئەركەكانی خۆی تەواو كردوە و، پێویست بو دوای ئەو دانیشتنە ڕاستەوخۆ ڕێنماییەكە بڵاوبكرێتەوە لەسەر ڕاسپاردەی دانیشتنەكەی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام تاكو ئێستا بڵاونەكراوەتەوە، دوای تێپەڕبونی زیاتر لە ساڵێك ئاراستەی رۆژنامەی وەقائیع نەكراوە، كە ئەوەش نیگەرانی دروستكردوە.

6. دوابەدوای بەدواداچونی پەرلەمان و داواكاری پەرلەمانتار (ئومێد حەمە عەلی) دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە 2015/2/26 راپۆرتی (كار و چالاكی و پەرەسەندنەكانی جێبەجێكردنی یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری لە ساڵی 2014) پێشكەشی پەرلەمان دەكات. لە راپۆرتەكە لە (10) برگە كارەكانی ساڵی 2014 خراوەتە روو بۆ پەرلەمانی كوردستان.

(4) هەردوو نوسراو لە پاشكۆی ژمارە (4) دایە.

7. چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریان لەسەر چاودێری و هەڵسەنگاندن و هۆشیاری و ئاستی جێبەجێکردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریان کردوە.

8. بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکە ڕێکخراوی ستۆپ و تۆڕی تارگێت داوایەکیان ئاراستەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ کرد، بۆ زانینی ئەوەی تا چەند دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بەگوێرەی یاساکە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان ئاراستەی دەستەکە دەکەن بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە، بەگوێرەی وەڵامی دەستە بەژمارە (263/16/1) لە 2018/2/28 بۆ ڕێکخراوی ستۆپ و تۆڕی تارگێت، لەماوەی ئەو دوو ساڵە تەنها وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پابەند بونە بە ئاراستەکردنی راپۆرتی ساڵانەی خۆیان بۆ دەستەی مافی مرۆڤ. لە ماوەی ساڵی (٢٠١٧) تەنها یەک سکاڵا لەلای ئەوان تۆمار کراوە لەسەر پێنەدانی زانیاری وەک پێویست ئەویش لەلایەن ڕێکخراوی هەڵوێست لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. سەبابەت بە پێدانی راپۆرتی شەش مانگی لە بارەی ئاستی جێبەجێ کردنی یاساکە کە پێویستە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاراستەی پەرلەمانی بکات تەنها لە ساڵی ٢٠١٦ دەستە یەک ڕاپۆرتی ئاراستەی پەرلەمان کردوە ئەویش لەبارەی نەچونە بواری جێبەجێ کردنی یاساکە، لە ساڵی ٢٠١٧ هیچ راپۆرتێک نەدراوەتە پەرلەمان لەلایەن دەستەی ناوبراوەوە.

شایەنی باسە، دوابەدوای داخستنی پەرلەمانی کوردستان لە 12ی ئۆکتۆبەری 2015 ئاستی کاردن بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری پاشکەوت و پابەندی دامەزاراوەکان بەپێی گرنگی یاسکەدا نییە.

# بەشی یەکەم

# ئاستی جێبەجێ کردنی

## (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان)

لەم بەشەدا چاودێری ئاستی کارایی بنکەکانی پێدانی زانیاری لە دامەزراوەکان بەهاوڵاتیان کراوە

**پارێزگاری سلێمانی:** کردنەوەی گۆشەی پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیان، د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی بە نوسراوی (778) لە 2018/1/18 بڕیاریدا:

1. کردنەوەی زانیاری پێدانی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پارێزگای سلێمانی.
2. بەرێز (ناسك ئەنوەر حسین) ڕاسپێردرا بە بەڕێوەبردنی ئەم گۆشەیە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پارێزگای سلێمانیدا لە ڕۆژی ئەم فەرمانەوە.

دواتر پارێزگاری سلێمانی بە فەرمانی ژمارە (4896) لە 2018/5/28 گشتاندنی بڕیاری کردنەوەی گۆشەی زانیاری پێدان بە هاوڵاتیان بۆ سەرجەم قائیمقامیەتەکانی سنوری پارێزگاری سلێمانی دەکات[(5)].

### حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی

کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەولێر ڕاگەیەنراوێک لە ۲۰۱۸/۷/۳ بڵاودەکەنەوە و، تیایدا ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی لەبارەی جیاکاری لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکان لەپێدانی زانیاری و ڕاپانگەیاندووە،"ئەم ڕەفتارەی وەزیری دارایی جگە لەوەی پێچەوانەی یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیارییە، هاوکات جیاوازی کردنە لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گومان دەخاتە سەر کارەکانی وەزیری دارایی"[(6)].

(5) دەق هەردوو فەرمانەکە لە پاشکۆی ژمارە (5) دایە.
(6) دەق راگەیندراوەکە لە پاشکۆی ژمارە (6) دایە.

# داوا کردنی زانیاری

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی دامەزراوە گشتیەکان بۆ پابەندبون بە پێدانی زانیاری بەو شێوەیەی کە لە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری هاتووە، گروپەکانی تۆڕەکەمان وەک هەنگاوی یەکەم چوار شوێنیان دیاریکرد بەمەبەستی داواکردنی زانیاری و ئاستی وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان.

بۆ قۆناغی یەکەم بڕیاردرا چوار شوێن دەستنیشان بکرێت کە ئاگادارییەکی تەواویان بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری هەیە، داوای چەند زانیاریەکی سەرەتایی لەو دامەزراوانە کراوە، هەڵبژاردنی ئەو پرسیارانە بەو شێوەیە لە قۆناغی یەکەم بۆ بە ئاسایی کردنی ئەو حاڵەتەیە کە ڕێکخراوەکان یان هاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی پشت بەو یاسایە ببەستن بۆ داواکردنی زانیاری و دامەزراوەکانیش بە دیاردەیەکی ئاسایی وەریگرن و ، وەڵام بدەنەوە، دەکرێ لە هەنگاوەکانی ئایندە وەزارەتەکانی تر و داوای زانیاری گرنگتر و هەستیار تر بکرێت بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە بواری دارایی هەیە. ئەو شوێنانەی داوای زانیاریان لێکرا ئەوانەی خوارەوەن:

**١- پەرلەمانی کوردستان**

**٢- وەزارەتی پەروەردە**

**٣- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی**

**٤- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

بۆ ئەو مەبەستە چوار داواکاری جیاواز و بەشێوەی جیاواز ئاراستەی ئەو لایەنانە کران، هەڵبژاردنی ئەو دامەزراوانە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە بو کە پێشتر هەریەک لەو دامەزراوانە بەشێوەی جیاواز کاریان بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە کردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانیان سەرەتا ئەوان دەست نیشان کران.

**سەبارەت بە پرۆسەی وەڵامدانەوەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەو تێبینیانەمان هەیە:**

١- جگە لە پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەکانی تر وەڵامی داواکاریەکەیان دایەوە، بەڵام لە رووی کاتەوە خێرا نەبوون، بەشێکیان بەهۆی ئەوەی فەرمانبەری تایبەتمەند لە پشتوو بوە یانیش بەهۆی کاروباری ترەوە وەڵامەکان دواکەوتوون، ئەگەر بتوانن کەسی تایبەتمەند و کەسی بەدیلیش هەبێ لەکاتی پێویست وا دەکات کاروبارەکان خێراتر بڕوات.

٢- ئیمەیل و ژمارەی پەیوەندیدار یان بەردەست نین یاخود زۆر درەنگ وەڵام دەدرێنەوە، پێویستە رۆژانە ئیمەیڵەکان سەیر بکرێن و ژمارە تەلەفۆنەکان کارابن.

٣- بەگشتی هەنگاوی زیاتر بۆ بەهێزکردنی بانکی زانیاری دامەزراوەکان پێویستە.

٤- دامەزراوەکان کلێشەی دیاریکراویان نیە بۆ وەڵامدانەوە کە تایبەت بێ بە بانکی زانیاری، پێویستە کلێشەی تایبەت بۆ نوسراوەکان دابنرێت کە پەیوەندیدارە بە داواکردنی زانیاری.

## یەکەم: داواکاری بۆ پەرلەمانی کوردستان

بە نوسراوێک کە بەو کلێشەیە ئامادەکرا کە پێشتر پەرلەمانی کوردستان لە سایتی خۆی بڵاویکردۆتەوە لە بەشی بانکی زانیاری، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەدەسهێنانی زانیاری.
داواکاریەکە لە بەرواری (٢٠١٨/٥/٢٩) ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، کە وەک لە نوسراوەکە لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە بریتی بوە لە ژمارەی ئەو پرسیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمانی ئاراستەی حکومەتی هەرێمیان کردووە لەگەڵ وەڵامەکان.
پەرلەمانی کوردستان پابەنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری نابێت، ئەوەی خوارەوە وردەکاری داواکردنی زانیاریەکە بەگوێرەی یاسایەک کە پەرلەمانی کوردستان خۆی دەریکردووە، بەداخەوە نازانین هۆکارەکەی چیە، بەڵام لە پەرلەمان هیچ ئاسانکاریەک نەکرا بۆ نوێنەری تۆڕ بۆ بەدەست هێنانی زانیاریەکی سادە، ئەوەش پێشینەیەکی یەکجار خراپە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، پێویست ئەوان پێشەنگ بونایە لە پێدانی زانیاری، هیوادارین بەرپرسانی ئیداری لە پەرلەمان پێداچونەوە بەو جۆرە مامەڵەیە بکەن و، لانی کەم پابەندی ئەو بریارانە بن کە ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری گەلن دەریدەکەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر پەرلەمان پابەند نەبێ چۆن داوا لە دامەزراوەکانی تر بکەین پابەند بن.
ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٨/٥/٢٩ بە هارد کۆپی نوێنەری تۆڕ فۆڕمی داواکاری زانیاری گەیاندە پەرلەمان، ئەگەرچی لە سایتی فەرمی پەرلەمان بانکی زانیاری دانراوە بۆ چۆنیەتی داواکردنی زانیاری بەڵام لە پرسگە هیچ زانیاریەکان لەبارەی هەبونی شوێنێکی لەو شێوە نەبوە، دواتر  هیچ زانیاریەکیان دەربارەی ئەو بانکی زانیاریە نەبوو وە دەیانوت ئەو فۆرمەت لە کوێ بەدەستهێناوە..!؟ نوێنەری تۆڕ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد  لە سایتی پەرلەمان بڵاوکراوەتەوە ئیتر دوای بەدواداچوون لە ناو سایتی پەرلەمان بۆ بانکی زانیاری دۆزیانەوە ووتیان، وایە، بەڵام دەتوانی بە ئیمێڵ یان لە ڕێگای ژمارە تەلەفونەکان داوای زانیاری بکەی و وەڵامت دەدرێتەوە ، ئەوە یەکەم جارە کەسێک بێت و داوای بانکی زانیاری بکات.
دوای هەندێک گفتوگۆ و قسەی تر ڕێگەیان دام کە بچمە ناو پەرلەمان و فۆرمەکە بگەینمە بانکی زانیاری، بەڵام نەیان دەزانی بمنێرن بۆ کام ژووری پەرلەمان، چونکە زانیاریان نەبوو لەسەر ئەو ژوورە بۆیە سەرەتا منیان ناردە "سایتی پەرلەمان" و کە گەیشتم خۆم ناساند و  پرسیاری "بانکی زانیاری"م کرد وتم هاتووم بۆ وەرگرتنی زانیاری، کەسێک لەوانەی لەوێ بوو ووتی "ئێرە نییە وە بانکی زانیاریمان نییە لە ناو پەرلەمان پێشتر بۆ ماوەیەک کردیانەوە بەڵام دواتر داخرا"، پاشان نوێنەری تۆڕ دەنێرنە نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتی، لەوێ هیچ ڕێگایەک بۆ تەواوکردنی مامەڵەکە بە نوێنەری تۆڕ نەگوترا و بەناڕاستەوخۆ داوای لێکرا دەست لەداواکاریەکە هەڵبگرێت. دواتر ئاماژەیان بەوە کرد پێشتر زانیاریان داوەتە ڕێکخراوێک توشی کێشە بوونە.
 هاوکات داوایان کرد هەمان نوسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن و بۆ ئەوەش نوێنەری تۆڕ نوسراوێکی تری ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بەڵام فەرمانبەرێک ئاماژەی بۆ ئەوەکرد زەحمەتە وەڵامتان بدەنەوە.
دوای ٢٦ ڕۆژ دوای داواکردنی زانیاری هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشت بۆیە لە ٢٠١٨/٦/٢٥ لە ڕێگەی ئیمێڵەوە کە لە بانکی زانیاری داندراوە ئیمێڵێکمان بۆ ناردن، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ کە ٢٠١٨/٧/٥ هیچ وەڵامێکی ئێمێڵەکەش نەدراوەتەوە.

**ناوەڕۆکی ئیمێڵەکە :**

ئیمەیل : bankezanyari@perleman.org

سڵاو ڕێز...

لە ڕۆژی سێ شەممە ٢٠١٨/٥/٢٩ لە ڕێگای فۆرمی تایبەت بەداواکردنی زانیاری داوای زانیاریمان لە پەرلەمان کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتۆتەوە، ناوەڕۆکی داواکردنی زانیاری:- ( ڕێژەی ئەو پرسیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی حکومەتیان کردووە لە ساڵی ٢٠١٧ چەندە ؟ و چەندی وەڵام دراوەتەوە؟)..

ئیمە لە ڕاپۆرتێکی خۆماندا ئاماژە بە وەڵامی پەرلەمان و بانکی زانیاری دەدەین ..! بە هیوام هاوکار بن.

لەگەڵ ڕێزماندا...

عبدالباری صالح

چالاکی مەدەنی

لە سایتی پەرلەمان گۆشەی بانکی زانیاری ژمارە تەلەفونێکیان داناوە تایبەت بە بانکی زانیاری بۆ ئەوەی هاووڵاتیان تەلەفونیان بۆ بکەن، بەڵام جێگای داخە کە تەلەفوونەکەیان داخراوە ٠٧٧١٦٨٧٧٧٧٧ وە دوو ژمارەی تەلەفونی تریان لەسەر "فۆڕمی داواکردنی زانیاری" داناوە بەداخەوە ئەوانیش داخراون: (٠٧٥١٢٢٣٨٠٢٣٩ - ٠٧٧٢٥٧٨٥٩١٥).

## دووەم داواکاری ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە

بە نوسراوێک کە بەو کلێشەیە ئامادەکراوە کە پێشتر وەزارەتی پەروەردە لە سایتی خۆی بڵاویکردۆتەوە لە بەشی داواکردنی زانیاری، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەدەسهێنانی زانیاری داوایەک بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئاراستەی وەزارەتی ناوبراو کرا.

کە ناوەرۆکەکەی بریتی بو لە ژمارەی ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی کە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەیە[7].

وەڵامەکەی وەزارەتی پەروەردە :

| پارێزگا | باخچەی منداڵان | بنەڕەتی | ئامادەیی | نێودەڵەتی | بیانی | هاوبەش (سابیس) | پەیمانگە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٦ | ٣٥ | ٢٨ | ١٢ | ٣ | ٣ | ٢١ | ١٥٨ |
| سلێمانی | ٣٢ | ١٤ | ٤ | ٤ | ٢ | ١ | ١٠ | ٦٧ |
| دهۆک | ١٢ | ٨ | ٣ | ٤ | . | ٢ | ٤ | ٣٣ |
| هەڵەبجە | ١ | . | . | . | . | ١ (فەزالەر) | ١ | ٣ |
| گەرمیان | ٣ | ٣ | . | . | . | ١ | ٤ | ١١ |
| کەرکوک | ٣ | . | . | . | . | . | ٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٧ | ٦٠ | ٣٥ | ٢٠ | ٥ | ٨ | ٤٤ | ٢٧٩ |

(7) وەڵامی وەزارەتی پەروەردە لە پاشکۆی ژمارە (7) دایە.

## سێیەم: داواکاری ئاراستەی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی

بە نوسراوێک کە بەگوێرەی ئەو کلێشەیە ئامادەکرا کە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی بڵاویکردۆتەوە کە تیایدا ڕوونکردنەوەی تەواوی تێدایە بۆ چۆنیەتی داواکردنی زانیاری.
ناوەرۆکی نوسراوەکە وەک لە خوارەوە بڵاوکراوەتەوە بریتیە لە داواکردنی زانیاری لەبارەی ژمارەی کۆمپانیا تۆمار کراوەکان لە وەزارەتی ناوبراو.

وەڵامەکە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی:
بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئاراستەی نوێنەری تۆڕ کرا کە بەتەواوی وردەکاریەوە وەک لە داواکاریەکە هاتبوو، بەو شێوەیە:
وەڵامەکەی وەزارەت ئەگەرچی بە ئیمەیلی فەرمی وەزارەتە بەڵام لەناو کلێشەی تایبەت نیە، لە وەڵامەکە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە سەبارەت بەو داواکاریەی ئاراستەمان کراوە وە بە پاڵپشت بە بنەماکانی پێدانی زانیاری گشتی:
١- بەپێی پێویست فەرمانگەی دیوانی وەزارەتمان لەماوەی ڕابردوو چوار ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لە کات و ساتی جیاواز ئاراستەی دەستەی مافی گشتی کردووە.

٢- بەپێی دوایین داتای زانیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکات
ژمارەی کۆمپانیای خۆماڵی لە هەولێر ١٥٠٨٤ کۆمپانیایە، لە دهۆک ٣١٧٧ کۆمپانیایە
ژمارەی کۆمپانیا بیانیەکان لە هەولێر ٢٤٢٧ کۆمپانیایە و لە دهۆک ٢٩٥ کۆمپانیایە.
ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵی و بیانیەکان لە سلێمانی ٥٩٠٦ کۆمپانیایە.

## چوارەم داواکاری زانیاری لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

بەنوسراوێکی فەرمی کە ئاراستەی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ کرا بە کلێشەی ڕێکخراوی ستۆپ تیایدا داوای زانیاری کرا لەبارەی چالاکیەکانی دەستە تایبەت بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری

وەڵامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ:
تایبەت بەو ڕاپۆرتانەی کە پێویستە دامەزراوە فەرمیەکان بەگوێرەی یاساکە ئاراستەی دەستەی بکەن و، ژمارەی ئەو سکاڵایانەی کە لە دەستە تۆمارکراون لەسەر پێنەدانی زانیاری.

لە وەڵامی دەستە کە وەک بڵاوکراوەتەوە لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ هیچ دامەزراوەیەک ڕاپۆرتی پێشکەش نەکردووە و، هیچ سکاڵایەکیش تۆمار نەکراوە[8].

(8) وەڵامی دەستەی لە پاشکۆی ژمارە (8) دایە.

# بەشی دووەم

# ئەنجامی راپرسی


## (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان)

بەمەبەستی وەرگرتنی بۆچونی هاوڵاتیان لە بارەی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری و ئاستی جێبەجێکردنی، (تۆڕی تارگێت بۆ شەفافیەت و سەروەری یاسا) لە هەرێمی کوردستان راپرسیەکی ئەنجامداوە، کەتێیدا (450) فۆڕمی بڵاوکردەوە و (425) فۆڕم بەتەواوی گەڕێندرایەوە، راپرسیەکە لە ماوەی 2018/6/15 تاوەکو 2018/6/30 ئەنجامدراوە، ئەنجامەکانی راپرسیەکە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

**رەگەزی بەشداربوان:**

نێر: 91.4 %

مێ: 8.6 %




## تەمەنی بەشداربوان:

تەمەنی 18 تا 30: 9.2 %

تەمەنی 31 تا 43: 32.4 %

تەمەنی 44 تا 56: 58.4 %





## پ١/ وەك هاوڵاتیەك هیچ زانیاریەكت هەیە لەبارەی یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان؟

بەڵێ: 51.1 %

تارادەیەك: 31 %

نەخێر: 17.6 %




**پ٢ / هەبونی ئەو یاسا یە و کارپێکردنی بەشێوەیەکی باش بەلای تۆوە گرنگە؟**

بەڵێ: 79.5 %

تارادەیەك: 11.3 %


نەخێر: 9.3 %




**پ٣/ بەگوێرەی یاساکە کاتێك هەر وەزارەتێك یان دامەزراوەکی حکومی لەکاتی داواکردنی زانیاری لێی لەلایەن هاوڵاتی ئامادەنەبو زانیاری بدات مافی ئەوەی هەیە سکاڵا لەدەستەی مافی مرۆڤ تۆمار بکات، پێت باشە هاوڵاتیان سکاڵا تۆمار بکەن لەو حاڵەتانە؟**

بەڵێ: 93.5 %

نەخێر: 6.5 %




**پ٤/ کاتێك سەردانی هەر وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتیەکی حکومەتت کردوە بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانت داوای زانیاریت کردووە، وەك پێویست هاوکاری کراوی؟**

بەڵێ: 8.2 %

تارادەیەك: 48.6 %

نەخێر: 43.1 %





**پ٥/ پێت وایە حکومەت لە بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بۆ خەڵك و ڕای گشتی لە ئاستی پێویستە و شافافە و زانیاری پێویست ناشارێتەوە؟**

بەڵێ: 9 %

تارادەیەك: 13.7 %

نەخێر: 77.4 %



# بەشی سێیەم

# چاودێری ماڵپەڕە ئەلکترۆنیەکانی

## (پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان)

لەو بەشەدا ئاستی پابەندبونی دامەزراوە گشتیەکانی هەرێم بە یەکێک لە ماددە گرنگەکانی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری دەخەینە ڕوو کە ماددەی (6)ی یاسای (11)ی ساڵی 2013ی، مادەی شەشەم لە بەشی سێیەمی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ئەو یاسایە، ماددەکە لە دوو بڕگە پێکهاتوە کە تیایدا بڵاوکردنەوەی هەندێک زانیاری لەسەر دامودەزگا گشتیەکان کردوّتە ئەرک و، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک داوای بکات پێویستە ئەو دامودەزگایانە بەشێوەی راپۆرتی ساڵانە ئەو زانیاریانە بخەنە بەردەم ڕای گشتی.

### دەقی ماددەکە:

ماددەی شەشەم: ئەو زانیاریانەی بڵاوکردنەوەیان ئەرکە:

**یەکەم**: هەر دام و دەزگایەکی گشتی دەبێ ساڵانە دەلیلێک دەربکت یان لەسەر سایتی ئەلیکترۆنی خۆی یان راپۆرتێک کە ئەو زانیاریانەی تێدابێ بڵاوبکاتەوە بەردەوام ئاپدێتیان بکات.

١- پەیکەرەکەی، ناونیشان و ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکەی، ڕێگاکانی پەیوەندی کردن پێیەوە، ڕێکارەکانی بەدەسهێنانی زانیاری، ئەرکەکانی، بڕیارەکانی، ڕێوشوێنەکانی دامەزراندن، بەرپرسەکانی و ناونیشانە وەزیفیەکانیان.

٢- بودجە و تەرخانکراوەکانی، حیسابە کۆتاییەکەی.

٣- پرۆژە جێبەجێ کراوەکانی، ئەو پرۆژانەی لەباری جێبەجێ کردن دان، ئەو پرۆژانەی بڕیارە بێتە جێبەجێ کردن.

٤- ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات ڕێگای بەدەستهێنانیان.

٥- ئەو سکالایانەی پێشکەش کراون و ئەو رێ و شوێنانەی لەبارەیانەوە وەری گرتوون.

**دووەم:** دەبێ دامودەزگای گشتی کەم کردنەوە و زیادبوونەکان بۆ موڵک و سامانەکانی ڕابگەیەنێ بەگوێرەی یاسا و سیستەمە کارپێکراوەکان لە هەرێمدا. بەگوێرەی بەدواداچونی ئەو ڕاپۆرتە ئاستی پابەندبونی دامودەزگا گشتیەکان بەو ماددەیە زۆر نزمە، هەندێکیان پابەندن  بە بەشێکی ئەو ماددەیە کە ئەوەش لە شوێن بۆ شوێن ئاستەکەی دەگۆڕێت، بەشێکیشیان پابەند نین بەهیچ بەشێکی ئەو ماددەیە، ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پابەندبونی دامەزراوە گشتیەکان بە نمونە ماڵپەڕەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و وەزارەتەکان مان وەرگرتوە و، شیکاریمان بۆ کردوون لەبارەی پابەندبونیان بەو ماددەیە.

**کۆتا بەرواری زانیاری لەسەر ماڵپەڕی دامەزراوە فەرمیەکان کۆکراوەتەوە لە 2018/6/30 بووە، واتە لەسەر بنەمای ئەو بەرواەە هەڵسەنگاندن بۆ چالاکی ماڵپەرەکان کراوە.**

## ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان

سایتی ئەلیکترۆنی پەرلەمان بە ڕادەیەکی باش بڕگەکانی ماددەی شەشەمی جێبەجێ کردووە بەتایبەت خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەم، بەڵام سەبارەت بەخاڵی دووەم هیچ زانیاریەکی بڵاونەکردۆتەوە لەبارەی ئەو بودجەیەی بۆی تەرخان کراوە و حیساباتی خیتامی، واتە ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی دارایی هەیە سایتەکە هیچ زانیاریەکی لەبارەوە بڵاونەکردۆتەوە.

هاوکات هیچ زانیاریەکی لەبارەی ئەو سکاڵایانە بڵاونەکردۆتەوە کە ئاراستەی کراون و ڕێوشوێنەکان کە بۆیان گیراوەتە بەر.

## ماڵپەڕی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ئەگەرچی ئێستا بەگوێرەی بڕیاری پەرلەمان سەرۆکی هەرێم بونی نەماوە و دەسەڵاتەکانی دابەش کراوە، بەڵام وەک لە ڕونکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم هاتوە سەرجەم بەش و دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لە کارکردن بەردەوامن، بۆیە ئێمە لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پابەندبونی سەرۆکایەتی هەرێم بە یاساکە و ماددەی سێ یەم دەکەین، ماڵپەرەکە پەیکەری سەرۆکایەتی هەرێمی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام هیچ ناونیشانێک و ڕێگای پەیوەندی و چۆنیەتی دەستکەوتنی زانیاری بڵاونەکردۆتەوە،  هیچ زانیاریەکی لەبارەی ڕاپۆرتی دارایی بڵاونەکردۆتەوە، هیچ زانیاری لەبارەی هەبونی سکاڵا، زیادکردن و کەمکردن لەسەر موڵک و سامانەکانی بڵاونەکردۆتەوە.

## ماڵپەڕی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم

ماڵپەری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم بەشێکی جێبەجێ کردوە، بەڵام شوێنەکەی بڵاونەکردۆتەوە، هاوکات بۆ پەیوەندی هیچ ژمارەیەکی بڵاونەکردۆتەوە تەنها ئیمەیڵێک.

هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجەی هەرێم و حیسابی خیتامی تێدانیە، هیچ زانیاریەکی لەبارەی ڕێوشوێنی دامەزراندن تێدانیە، هیچ زانیاریەکی لەبارەی زیادکردن و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی تێدانیە. جگە لە کارنامەیەکی کورت هیچ زانیاریەکی لەبارەی پرۆژە جێبەجێکراوەکانی ساڵانە و ئەوانەی ئێستا لەجێبەجێ کردنن تێدا بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەری وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو

ماڵپەرەكە زۆرینەی داواكاریەكانی ماددەی شەشەمی یاساكەی جێبەجێ كردووە، لە پێدانی زانیاری و ڕێنمایی جۆراو جۆر بە جوتیاران، زانیاری لەبارەی وەزارەت و ڕێگاكانی پەیوەندی تێدایە، بەڵام بنكەی پێدانی زانیاری بەو شێوەیەی لە یاساكە هاتوە جێ نەكراوەتەوە، بودجەی تەرخان كراو و حیساباتی خیتامی بڵاونەكراوەتەوە، كە ڕەنگە بەشێكی پەیوەندی بە پەسەند نەكردنی بودجەی ساڵانە هەبێت، ئاماژە بە بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەت نەكراوە، بەڵام بۆ دەبین كردنی پێداویستیەكانی ڕەچاوی زیادكردن و كەمكردن كراوە بەشێوەی تەندەر.

## ماڵپەری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

سایتی وەزارەتی رۆشنبیری خاڵی یەكەمی  برگەی یەكەمی مادەی شەشەمی جێبەجێ كردووە زۆرترین زانیاری لەبارەی پەیكەرەكەی و ناونیشان و شێوازی پەیوەندی پێكردن بڵاوكردۆتەوە، بەڵام بانكی زانیاری تێدانیە.

زانیاری بودجەی تەرخان كراو و حیسابی خیتامی بڵاو نەكراوەتەوە.

ڕێنمایی و شێوازی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری ئاماژەی بۆ كراوە، زانیاری لەبارەی سكالا و سەرەنجامەكانی تێدانیە بەڵام ڕێگای پێشكەشكردنی سكاڵای ڕوون كردۆتەوە، هیچ زانیاری لەبارەی زیادبون و كەمكردنی داهات و سامانەكەی تێدانیە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە

رۆشنبیری خاڵی یەكەمی  برگەی یەكەمی مادەی شەشەمی جێبەجێ كردووە زۆرترین زانیاری لەبارەی پەیكەرەكەی و ناونیشان و شێوازی پەیوەندی پێكردن بڵاوكردۆتەوە، هاوكات جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشكەشی دەكات و ڕێنماییەكانی كاركردن بە ڕوونی ئاماژەی بۆ كراوە.

بەڵام سەبارەت بە خاڵی  دووەم  هیچ زانیاری لەبارەی بودجەی تەرخان كراو و حیسابی خیتامی تێدانیە.

زانیاری پێویستی لەبارەی پرۆسەی تەندەر تێدایە، زانیاری لەبارەی زیادبون و كەمكردن و موڵك و سامانی تێدا بڵاونەكراتیەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی كارەبا

سایتی وەزارەتی كارەبا  خاڵی یەكەمی برگەی یەكەمی شەشەمی بەشێوەیەكی باش جێبەجێ كردووە، بەڵام بانكی زانیاری تێدانیە.

خاڵی دووەم تایبەت بە بودجە و حیسابی خیتامی زانیاری بڵاونەكراوەتەوە. خاڵی سێیەم زانیاری لەبارەی پرۆژەكان بە ڕادەیەكی باش ڕوونكراوەتەوە، زانیاری لەبارەی جۆری خزمەتگوزاریەكان بڵاوكراوەتەوە، زانیاری لەبارەی هەبونی سكاڵا و سەرەنجامەكانی بڵاونەكراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و كەمكردنی موڵك و سامانەكەی بڵاونەكراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێنمایەکانی تێدایە، بەڵام لەبارەی سکاڵا و سەرەنجامەکانی هیچ زانیاریەک ڕوون نەکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی و ئابوری

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێنمایەکانی تێدایە، بەڵام لەبارەی سکاڵا و سەرەنجامەکانی هیچ زانیاریەک ڕوون نەکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی تەندروستی

سایتی ئەو وەزارەتە تاکو ئێستا لە کارکەوتوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. زانیاری زۆر وردنی لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێنمایەکانی تێدایە، بەڵام لەبارەی سکاڵا و سەرەنجامەکانی هیچ زانیاریەک ڕوون نەکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبون

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێنمایەکانی تێدایە، بەڵام لەبارەی سکاڵا و سەرەنجامەکانی هیچ زانیاریەک ڕوون نەکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی داد

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو

و رێنمایەکانی تێدایە، بەڵام لەبارەی سکاڵا و سەرەنجامەکانی هیچ زانیاریەک ڕوون نەکراوەتەوە جگە لەوەی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە هاوڵاتی دەتوانێ سکاڵا بکات، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی ناوخۆ

سایتەکە لە ئاستێکی بەرزە لە ڕوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. بەڵام زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و رێنمایەکانی تێدایە بەشێوەیەکی زۆر ورد، بەشێکی تایبەت بە سکاڵا تۆمارکردن تێدا جێ کراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

سایتەکە خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە ئەوە نەبێ بانکی زانیاری تێدانیە و ئاماژە بە بڕیارە نوێکان نەکراوە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە. بەڵام زانیاری و هەواڵی لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و رێنمایەکانی تێدایە، بەشێکی تایبەت بە سکاڵا تۆمارکردنی تایبەت بە کەس و کاری شەهیدان تێدا جێ کراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سایتەکە بەشێک لە داواکاریەکانی خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی جێبەجێ نەکردوە، زانیاری لەبارەی پەیکەری وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان بڵاونەکراوەتەوە ئەگەرچی شوێنی بۆ دیاریکراوە، جگە لە بەشی هەواڵ و چالاکی سەرجەم بەشەکانی تری سایتەکە کارناکات، زانیاری لەبارەی بودجەی تەرخان کراو و حیسابی خیتانی تێدانیە، زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاریەکان ڕوون نەکراوەتەوە، لەبارەی سکاڵاکردن هیچ زانیاریەک بڵاونەکراوەتەوە، ، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

سایتەکە بەشی ئینگلیزی ڕۆژانە نوێ دەکرێتەوە بەڵام بەشە کوردیەکەی دواین نوێکردنەوەی مانگی ١٠ی ٢٠١٧یە، بەشێوەیەکی سەرەتایی زانیاریە بنەڕەتیەکانی بڵاوکردۆتەوە، زانیاری لەبارەی پەیکەری وەزارەت و بەرپرسەکانی و رێگاکانی بەدەست هێنانی زانیاری ئاماژە بۆ نەکراوە، هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە تەرخانکراوەکەی و حیسابی خیتامی بڵاونەکردۆتەوە، لەبارەی خزمەتگوزاریەکان و رێگاکانی بەدەست هێنانی زانیاری ئاماژە بۆ نەکراوە، شێوازی پێشکەشکردنی سکاڵا ڕوون نەکراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیابوون و کەمبونەکان لە موڵک و سامانی ڕوون نەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی پلاندانان

سایتەکە لەڕووی نوێکردنەوەی بەردەوام لاوازە، بەشێکی خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی ماددەی شیشینی جێبەجێ کردووە، زانیاری لەبارەی بەرپرسەکانی وەزارەت بڵاونەکراوەتەوە، بڕیارەکانی وەزارەت ئاماژە بۆ نەکراوە، بانکی پێدانی زانیاری جێ نەکراوەتەوە، هیچ ڕوون کردنەوەیەک لەبارەی بودجەی تەرخانکراو و حیسابی خیتامی بڵاو نەکراوەتەوە، ، زانیاری لەبارەی زیابوون و کەمبونەکان لە موڵک و سامانی ڕوون نەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

سایتەکە لە ئاستێکی بەرزە لە ڕوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، خاڵی یەکەمی بڕگەی یەکەمی بە ڕادەیەکی باش جێبەجێ کردوە، بانکی زانیاری هەیە و هەیلکەلیەتی وەزارەت بەشێوەیەکی ورد ڕوون کراوەتەوە بەڵام ناوی بەرپرسەکانی ئاماژە بۆ نەکراوە، سەبارەت بەخاڵەکانی تر هیچ زانیاریەکی لەبارەی بودجە و حیسابی خیتامی تێدانیە ئەگەرچی بەشێکی تەرخان کراوە بەناوی بودجەی وەزارەت. بەڵام زانیاری لەبارەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و ڕێنمایەکانی تێدایە بەشێوەیەکی زۆر ورد، بەشێکی تایبەت بە سکاڵا تۆمارکردن تێدا جێ کراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

سایتەکە لەڕووی کارکردنەوە وەک پێویست نیە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی بەشە پێویستیەکان دانراوە بەڵام کەمترین زانیاری تێدایە، خاڵی یەکەمی جێبەجێ نەکردوە لە پێدانی زانیاری لەبارەی وەزارەت و پەیکەرەکەی و بڕیار و ڕێگاکانی پەیوەندی و پێدانی زانیاری ڕوون نەکراوەتەوە، هیچ زانیاریەک لەبارەی بودجەی تەرخانکراو و حیسابی خیتامی بڵاونەکراوەتەوە، خزمەتگوزاری و ڕێگاکانی بەدەست هێنانی ڕوون نەکراوەتەوە، ، بەشێکی تایبەت بە سکاڵا تۆمارکردن تێدا جێ کراوەتەوە، زانیاری لەبارەی زیادبون و کەمکردنی موڵک و سامانەکەی بڵاونەکراوەتەوە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

سایتەکە لە کارکەوتوە ئەوەش پێشێلکاریە بەرامبەر شەشەمی یاساکە.

## ماڵپەڕی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

سایتکە لە کارکەوتوە ئەوە شپێشێلکاریە بەرامبەر ماددەی شەشەمی یاساکە.

# سەرچاوە:

1. یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2013 مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

2. راپۆرتی (کار و چالاکی و پەرەسەندنەکانی جێبەجێکردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە ساڵی 2014) .

3. نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان و دەستەی سەبەخۆی مافی مرۆڤ .

4. تەواوای ماڵپەڕی دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان.

# پاشكۆی

# بەڵگە و دیكۆمێنتەكان

## پاشكۆی ژمارە (1)

## دەقی یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٢٨)ی رۆژی ٥/٦/٢٠١٣ بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

لەم یاسایەدا مەبەست لەم زاراوانە ئەم واتایانەیە كە لەبەرامبەر هەریەكێكیان هاتووە:

**یەكەم:** هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق.

**سێیەم:** دەستە: دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان.

**چوارەم:** دام و دەزگای گشتی: سەرجەم دام و دەزگاكانی یاسادانان و جێبەجێ كردن و دادوەری و كارگێریە خۆجێیەكان و دەستەی سەربەخۆیەكان.

**پێنجەم:** دام و دەزگای تایبەتی: كۆمپانیاكان كەرتی تایبەت، یان هەر رێكخراوێكی ناحكومی، یان دەستەیەك كە مرفقێكی گشتی بەرێوە دەبات، یان بازرگانی دەكات، یان پیشەیەك دەكات، یان حوكمەت تەمویلی دەكات و كەسایەتێكی قانونی هەبێ.

**شەشەم:** فەرمانبەری تایبەت: یان كەسەیە كە لەلایەن دام و دەزگاكان دیاری دەكرێت بۆ سەیركردنی داواكاری وەدەستهێنانی زانیاری.

**حەوتەم:** بلاوكردنەوە: گەیاندنی زانیاری بە تاكەكانی كۆمەڵگا بەشێوزایێكی گشتی شیاو لە رێگای هەر كەناڵێكی ناسراوی پەخش و بلاوكردنەوە.

**هەشتەم:** زانیاری: داتای زارەكی یان نووسراو یان تۆمار یان ئامار یان بەڵگەنامەی نووسراو یان وێنەگیراو یان تۆماركراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیكترۆنی یان بەهەر شێوەیەكی رێگەیەكی دی.

**نۆیەم:** دۆكیۆمێنت: ئەو ناوەندیە (وسیط) كە زانیاری تێدا تۆماركراوە بەچاو پۆشین لەشێوە و فۆرمات و سەرچاوە و مێژووی دەرچوون و بارە یاسایەكەیەوە.

**ماددەی دووەم: ئاما نجەکان**

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

**یەکەم:** توانادارکردن و ئاسانکاری کردن بۆ هاولاَتیانی هەرێم کە پارەکتیزی مافی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بکەن کە لەلایەن دام و دەزگای گشتی و تایبەتەکاندا هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** پشتگیری کردنی پرەنسیپەکانی شفافیەت و بەشداری کارا بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی.

**سێیەم:** دابین کردنی کەشێکی لەبارتر بۆ ئازادی رادەربڕین و پەخش و بلاَو کردنەوە.

## بەشی دووەم

## دەستە ئەرك و دەسەلاَتەکانی

**ماددەی سێیەم:**

دەستە سەربارەی ئەم ئەرکانەی لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ داهاتووە بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەم ئەرك و دەسەلاتانەشی هەیە:

**یەکەم:** بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و چاودێری کردنی سەرپێچیەکان و ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای جێبەجێ کردنی یاساکە و دەرکردنی راسپاردەی پێویست.

**دووەم:** دانانی بەرنامەی کار بۆ راهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەتمەندن بەجێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

**سێیەم:** وەرگرتنی سکالاَ و ساغ کردنەوەیان (التحقیق منها) بەزووترین کات و گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست.

**چوارەم:** ئاگادارکردنەوەی دام و دەزگاکان بۆ راستکردنەوەی ئەو حالَەتانەی کە بەلَگەی تۆمەتبارکردنی سەرپێچی کارانەی ئەم یاسایەیان تێدا دەرئەکەوێ.

**پێنجەم:** ئاراستەکردنی هاولاَتیان بەرێگای ئەوتۆی شیاو بۆ گەیشتن بەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەرکردنی بلاَوکراوەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.

**شەشەم:** دەخالەت کردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە حالَەتێکدا داواکار نەشیا بەگوێرەی ئەم یاسایە زانیاری دەست بکەوێ پاش پانهێنانی بۆ دەستە هەروەها دەستە بۆشی هەیە داوا لەسەر ئەو لایەن و تاکانەی کە ئەم یاسایە پێشێل دەکەن لەبەردەم دادگاکاندا بەرزبکاتەوە.

**حەوتەم:** دەبێ دەستە هەر ٦ مانگ جارێك لەبارەی کاروچالاَکیەکانی خۆیەوە راپۆرتێك بەپەرلەمان بدات و بۆ رای گشتی بلاَوی بکاتەوە.

## بەشی سێیەم
## چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانیاری

**ماددەی چوارەم: (مافی تێڕوانین و دەسکەوتنی زانیاری):**

هەموو کەسێك چ سروشتی بێت یان معنوی مافی ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی زانیاری و چەند دانەیەك لەو دۆکیۆمێنتانەی هەیە کە لەدام دەزگاکان داوای دەکات بەدەر لەو زانیاریانەی کە بەگوێرەی ماددەی (١٤) ئەم یاسایە ڕێسپەرکراون.

**ماددەی پێنجەم: مافی پێشکەشکردنی داواکاری**

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە داوا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێشکەش بکات ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە زانیاریە داواکراوەکەی تێدایە لای ئەم دام و دەزگایە بێت کە داواکەی ئاراستە کراوە ئەوا پێویستە دانەیەك لەو بەڵگەنامەیەی پێ بدات.

**ماددەی شەشەم: ئەو زانیارییانەی بڵاوکردنەوەیان ئەرکە**

**یەکەم:** هەر دام و دەزگایەکی گشتی دەبێ ساڵانە دەلیلێك دەربکات یان لەسەر سایتی ئەلیکترۆنی خۆی یان بەراپۆرتێك کە ئەم زانیارانەی تێدابێ بڵاو بکاتەوە بەردەوام ئاپدێیتیان بکات.

١ــ پەیکەرەکەی، ناونیشان و ماڵپەر و ئەلیکترۆنیەکەی، ڕێگاکانی پەیوەندیکردن پێیەوە ڕێکارەکانی بەدەستهێنانی زانیاری، ئەرکەکانی، بڕیارەکانی، ڕێو شوێنەکانی دامەزراندن، بەرپرسەکانی و ناونیشانە وەزیفیەکانیان.

٢ ـ بودجە و تەرخانکراوەکانی، حسابە کۆتایەکەی.

٣ ـ پرۆژە جێبەجێ کراوەکانی، ئەو پرۆژانەی لەباری جێبەجێ کردندان، ئەو پرۆژانەی بڕیارە بێنە جێبەجێ کردن.

٤ ـ ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات ڕێگای بەدەستهێنانیان.

٥ ـ ئەو سکاڵانەی پێشکەش کراون و ئەو ڕێ و شوێنانەی لەبارەیانەوە وەری گرتوون.

**دووەم:** دەبێ دام و دەزگای گشتی کەم کردنەوە و زیادبوونەوەکان بۆ موڵك و سامانەکانی رابگەینێ بە گوێرەی یاسا و سیستەمە کارپێکراوەکان لە هەرێمدا.

**ماددەی حەوتەم: ڕێکارەکانی داواکردنی زانیاری دەسکەوتن**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایێکی گشتی یان تایبەتی فەرمانبەرێکی تایبەتمەند یان زیاتر بۆ وەرگرتنی داواکارییەکانی زانیاری دەستنیشان بکات.

**دووەم:** دامودەزگای گشتی یان تایبەتی بۆی هەیە فۆرمێکی داواکاری زانیاری ئامادەبکات ووردەکاری ڕوون دەربارەی ناوەڕۆکی زانیارییە داواکراوەکان و ناوی پێشکەشکاری داواکارییەکەو ئامرازی پەیوەندی پێوەکردنی لەخۆ بگرێت بەمەرجێك بارگرانی نەبێت بەسەر پێشکەشکارەکانی، و دانانی فۆرمەکە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی.

**سێیەم**: داواکردنی زانیارییەکان بە نووسراویی دەبێت تەنها لە حاڵەتی بوونی پاساو نەبێت لەو کاتەدا دەکرێت بە زارەکی بێت.

**چوارەم**: پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی دەسبەجێ لەگەڵ وەرگرتنی داواکارییەکە تۆماری بکات چ ڕەزامەندی لەسەر بدرێت یان ڕەتبکرێتەوەو تۆمار نەکردن بە ڕەتکردنەوەیەکی نایاسایی داواکارییەکە هەژمار دەکرێت.

**پێنجەم**: پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لە ماوەی دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکاری زانیاری وەڵامیان بداتەوەو ئەگەر داواکارییەکە ژمارەیەکی زۆر لە زانیاری لەخۆ بگرێت یان پێویست بە راوێژی لایەنی سێیەم بکات، ئەوا بۆی هەیە ئەم ماوەیە بۆ یەکجار درێژبکاتەوە بەمەرجێك لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**شەشەم**: لە حاڵەتێك ئەگەر داواکارییەکە زانیاری پێویستی بۆ پاراستنی ژیانی کەسێك یان ئازادییەکەی لەخۆبگرێت، ئەوا پێویستە لەسەر دامەزراوە گشتیەکە یان تایبەتیەکە لە ماوەی (٤٨) کاتژمێری دوای پێشکەشکردنی وەڵامی بداتەوە.

**ماددەی هەشتەم: وەڵامدانەوەی داواکارییەکان**

یەکەم: لە حاڵەتی ڕازیبوون لەسەر داواکارییەکە پێویستە لەسەر دامەزراوی گشتی یان تایبەتی ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بداتە پێشکەشکارەکەی.

دووەم: ئەگەر زانیارییە داواکراوەکان ئامادەبن و پێویستیان بە هەوڵدان نەبێت بۆ گەڕان بەدوایاندا، ئەوا دەکرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان پۆستی ئەلیکترۆنی یان بەزارەکی بدرێنە داواکارەکەی.

سێیەم: ئەگەر داواکارییەکە، هەر هەمووی یان بەشێکی، ڕەتکرایەوە ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانبەری تایبەتمەند، لە وەڵامدانەوەیەك کە ڕادەستی پێشکەشکاری داواکارییەکەی دەکات، هۆی ڕەتکردنەوەکە دیاری بکات، بە مەرجێك هۆیەکە لەمانەی خوارەوە دەرنەچێت:

١– زانیاری داواکراو لەبەردەستی دامەزراوە پەیوەندارەکە نیە.

٢– زانیاری داواکراو دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەو بەدەرانەی لەم یاسایەدا دیاریکراون.

٣– زانیاری داواکراو پێشتر بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ئاماژەکردن بە جێگەو کاتی بڵاوکردنەوەی، یان بوونی لەسەر پێگە ئەلیکترۆنیەکەی یان دراوەتە خودی پێشکەشکاری داواکارییەکە پێش (٦) مانگ.

٤– ئاماژەکردن بۆ مافی پێشکەشکاری داواکارییەکە لە گەڕانەوە بۆ دادگای بەرایی تایبەتمەند.

### ماددەی نۆیەم: گەیاندنی زانیاری

**یەکەم:** پێشکەشکاری داواکاری بۆی هەیە ئەو ڕێگەیەی کە ئاسانە بۆ پێی گەیشتنی زانیاریەکان ڕوون بکاتەوەو، پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی داواکارییەکەی جێبەجێ بکات.

**دووەم:** پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی ئەم داواکارییانەی لە خوارەوە دادێن لە کاتی داواکردنیان، جێبەجێیان بکات:

١- وێنەیەکی ڕەسەنی دۆکیومێنتەکە بەو شێوەیەی لە لای دامەزراوەکە پەیڕەوکراوە.

٢- مافی لێووردبوونەوە لە دۆکیومێنتەکە لە کاتی پێویستدا بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کەوا دامەزراوی پەیوەندار هەیەتی.

٣- مافی لەبەرگرتنەوەی دۆکیومێنتەکە بەبەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کەوا کەسەکە هەیەتی.

٤- دانەیەکی دەقاودەقی دۆکیومێنتەکە، چاپکراو بێت یان تۆمارکراو، بینراو بێت یان بیستراو، ئەگەر توانرا ئەم دانەیە بە بەکارهێنانی ئامێرە بەردەستەکانی دامەزراوی پەیوەندار ئەنجام بدرێت.

٥- ئامادەکردنی دانەیەکی ڕاست و دروست لە دۆکیومێنتە ڕەسەنەکە، بە شێوەیەکی کورت یان هەر پۆلێنێکی تری شێوازەکانی دۆکیومێنتەکە.

**سێیەم:** دامودەزگای پەیوەندار بۆی هەیە پێدانی زانیارییەکان بەو شێوەیەی کە لە بڕگەی سەرەوە داواکراوە ڕەتبکاتەوە، ئەگەر زیان بە دۆکیومێنتەکە بگەیەنێت.

**چوارەم:** ئەگەر دۆکیومێنتەکە بە چەند زمانێکی جۆراوجۆر هەبێت، ئەوا زانیارییەکان دەدرێنە داواکارەکەی بەو زمانەی یان بەو زمانانەی ویستی لەسەرە.

### ماددەی دەیەم: بوونی دۆکیومێنت لە لای دامەزراوێکی تر:

**یەکەم:** کاتێك فەرمانبەری تایبەتمەند داواکارییەکە وەردەگرێت، پێویستە جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ دامەزراوە گشتیەکە دۆکیومێنتی داواکراوی لا پارێزراوە یاخود نا، وە ئەگەر لەبەر دەستی نەبێت، و وابزانێت کەوا لەبەر دەستی دامودەزگایێکی گشتی پەیوەنداری ترە، ئەوا فەرمانبەرەکە بۆی هەیە چ داواکارییەکە بۆ دامودەزگای پەیوەندار ئاراستە بکات و پێشکەشکاری داواکارییەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە یان ڕێنوێنی بکات بۆ ئەم دامەزراوە.

**دووەم:** ماوەی وەڵامدانەوەی داواکارییەکە لە ڕێکەوتی ئاراستەکردنی بۆ دامودەزگای پەیوەندار هەژمار دەکرێت.

### ماددەی یازدەم: پاراستنی دۆکیومێنتەکان

پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایێکی گشتی یان تایبەتی ئەو دۆکیومێنتانەی لە لایەتی بەشێوەیەك بپارێزێت کەوا تێڕوانینان ئاسان بێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دوازدەم: ڕاهێنانی فەرمانبەران**

پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی ڕاهێنانی گونجاو بۆ فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی لەوەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، مسۆگەربکات.

**ماددەی سێزدەم: پێشکەشکردنی را پۆرت بە دەستە**

پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی، هەر چوار مانگ جارێك، راپۆرتێك بۆ دەستە بەرز بکاتەوە بەمەرجێك ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

داواکارییە وەرگیراوەکان، ئەو داواکارییانەی چ بەتەواوەتی یان بەشێکیان پەسەندکراون یان بەتەواوەتی ڕەتکراونەتەوە، نارەزایی و داوا بەرزکراوەکان، ئەو ڕاپۆرتانەی کە بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بلاوکراونەتەوەو ئەو خولانەی بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرەکانی ئەنجامی داون.

**ماددەی چواردەم: (بەدەرەکان)**

**یەکەم**: ناشێت بۆ دامودەزگای گشتی یان تایبەتی پێدانی زانیاری ڕەتبکەنەوە بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکی هاتوو لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئاشکراکردنی پێویست بکات.

**دووەم**: دامودەزگای گشتی یان تایبەتی مافی هەیە لەم حالەتانەی خوارەوە داواکاری زانیاری ڕەتبکاتەوە:

١- نهێنی تایبەت بەبەرگری و ئاسایشی هەرێم (ووردەکاری چەك و پێداویستیە سەربازییەکان، ئەرکە نهێنیە سەربازی و ئاسایشییەکان، جولەو تەکتیکی بەرگری و زانیاری هەواڵگریی).

٢- ئەو زانیارییانەی کەوا ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر ڕێرەوی ئەو دانووستانانەی کەوا هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێکی تر دەیکات، یان لەسەر گۆڕینەوەی زانیارییەکان، ئەگەر هەردوولا لەسەر نهێنی بوونی ڕێککەوتن تاوەکو بلاوکردنەوەی.

٣- ئەو زانیارییانەی کەوا ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر ڕێرەوی لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردن.

٤- ئەو زانیارییانەی کەوا ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی پێشێلکردنی کێبرکێی ڕەوا یان مافەکانی دانەرو خاوندارێتیی هزریی.

٥- زانیاری و دۆسیەی کەسەکان کە تایبەتن بە خوێندن، یان پزیشکی، یان فەرمانبەرێتی، یان ژمێرە بانکیەکانی یان نهێنیە پیشەییەکانی بەبێ ڕەزامەندی کەسی پەیوەندار، و هەر چیەکی پەیوەست بێت بە سەلامەتی و تەندروستی هاولاتی و خستنەبەری ژیانی بۆ مەترسی.

٦- ئەو داتایانەی کەوا ئاشکراکردنیان دەبێتە هۆی دزەکردن بۆ نێو تۆرە ئەلیکترۆنیە پارێزراوەکان وناوەرۆکەکانیان دەخاتە بەردەم ڕەشکردنەوە یان دزین.

**سێیەم**: بەدەرە هاتووەکانی نێو یاسا بەرکارەکانی تر لە هەرێمدا بەجۆرێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

**چوارەم:** ئەو زانیارییانەی لە بەندەکانی (١، ٢، ٣)ی برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون لە دوای بەسەرچوونی (٢٠) بیست ساڵ ئاشکرا دەکرێن.

## بەشی چوارەم

## حوکمە گشتییەکان

### ماددەی پازدەم: تێچوونەکان

پێشکەشکاری داواکاری تێچوونەکانی دەسکەوتنی زانیاری داواکراو لە ئەستۆ دەگرێت.

### ماددەی شازدەم: ( پاراستنی فەرمانبەر)

نابێت هیچ سزایەك بخرێتە سەر هەر فەرمانبەرێك كەوا زانیاری دەربارەی سەرپێچی یان پێشێلکردنی ئەنجامدراو دژ بە یاسا، ئاشکرا دەکات.

### ماددەی حەڤدەم: نارەزایی دەربڕین

**یەکەم:** هەر کەسێك، داواکاری دەسکەوتنی زانیاریی ڕەتکراوەتەوە، مافی هەیە نارەزایی دەربڕێت لەسەر بڕیارو ڕێکارەکانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لەبەردەم سەرچاوە کارگێڕیە بالاکان، دەستەو، دادگاکانی بەرایی تایبەتمەند لە ماوەیەك لە (٧) حەوت رۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەو بڕیارەی لەسەری نارازییە یان بڕیاری ئەو لایەنەی لەلای نارەزایی دەربڕیوە، تێپەڕ نەکات، و لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە، چ بەتەواوەتی یان بەشێکی.

٢- تێپەڕینی ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ وەلامدانەوەی بەپێی ماددەی هەشتەم/ برگەی (پێنجەم).

٣- سەپاندنی تێچوونی ناپێویست بەسەر پێشکەشکاری داواکارییەکە.

٤- ڕەوانەکردن یان ڕێنوێنیکردنی بۆ زیاتر لە دامودەزگایێکی تر، بە ئامانجی سەرلێشێواندنی پێشکەشکاری داواکارییەکەو شاردنەوەی زانیارییەکان لێی.

**دووەم:** بڕیاری دەرکراو لە لایەن دادگای بەرایی تایبەتمەند شیاوی تانەلێدانی تەمییزی دەبێت لە لای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە سیفەتێکی تەمییزی، لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە ڕێکەوتی پێراگەیاندن یان هەژمارکردنی بەوەی پێی ڕاگەیێنراوەو ئەو بڕیارەی لە ئەنجامی تانەلێدانەکە دەردەکرێت بنبڕ دەبێت.

### ماددەی هەژدەم: بەرپرسیارەتی سزاکاریی و مەدەنی

**یەکەم:** سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، هەر کەسێك:

١- خۆی بگرێت لە پێدانی دۆکیومێنت یان تێڕوانین یان دەسکەوتنی زانیاری یان زانیاری نادروست پێشکەش بکات بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- تەگەرە بخاتە بەر کارەکانی دەستە لەوەی پەیوەستە بە چاودێریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**دووەم:** هەر کەسێك دۆکیومێنتێك، لە دەرەوەی سنووری دەسەلأتە یاساییەکانی خۆی بەپێی یاسا بەرکارەکان، بە ئەنقەست لەناو ببات ئەوا سزا دەدرێت.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیستەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە دوای (٩٠) نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بلأوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

### هۆیە پێویستکارەکان

لە پێناو چەسپاندنی پرنسیپی شەفافیەت و رێکخستنی پێشکەشکردنی زانیاری دروست، و مافی هاولأتی لە دەسکەوتنیان، ئەوا ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بە بریار ژمارە ١٦ی سالی ٢٠١٣ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

# شكۆی ژمارە (2)

هەرێمی كوردستان
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

أقليم كوردستان
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
The Independent Human Rights Commission

## يەكەم :- پێشنیارەكانی بەشی یاسایی دیوانی دەستەی مافی مرۆڤ بەمەبەستی جێ بەجێ كردنی یاساكە

وەك هەنگاوی یەكەمی دەست بەكار بوونی دەستەی مافی مرۆڤ بە ئەركی جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی لە دیوانی دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤ وە لە بەرواری ( ١٤ / ١ / ٢٠١٤ ) لە ڕاپۆرتیكیدا كە بەرزكراوەتەوە بۆ سەرۆكی دەستەكەمان ئاماژەی بە چەند خاڵێك كردوە كە پێویستە بە هەند وەربگیرێن بۆ جێبە جێكردنی ئەم یاسایە ، هەروەك لە خوارەوە ئاماژە بە ڕاپۆرتەكە ئەكەین :

١- بە پێی ماددەی سێیەم بڕگەی یەكەم بۆ جێبەجێكردنی ئەم یاسایە پێویستە دەستەكەمان بەدواداچوون بكات بۆ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە وە چاودێری سەرپێچییەكان بكات وەلەكاتی پێویست ڕاسپاردە دەربكات.

٢- دانانی بەرنامەیەكی تێرو تەسەل بۆ ڕاهێنانی ئەو فەرمانبەرە تایبەتانەی كەدەست نیشان دەكرێن بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە.

٣- وەرگرتنی سكاڵا ولێكۆڵینەوە بەزووترین كات بەپێی یاسا دەكەوێتە ئەستۆی دەستەكەمان.

٤- ئاگاداركردنەوەی ئەو دامودەزگایانەی بەڵگەی تۆمەتباركردنی سەرپێچی كارانەیان لەسەر تۆماركراوە.

٥- پێویستە لەسەر دەستەكەمان كە هۆشیاری هاولاتیان بكاتەوە لەسەر مافەكانیان بۆبەدەست هینانی زانیاری .

٦- بەپێی ماددەی سێیەم بڕگەی شەشەم دەستەكەمان بۆی هەیە لەكاتی پەناهێنانی داواكار ( تدخل ) بكات و داواش تۆمار بكات لەسەر لایەنی پێشێلكار لەبەردەم دادگا.

٧- پێویستە لەسەر دەستەكەمان هەر شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك دەربكات وە بۆ رای گشتی بلأوبكاتەوە.

٨- بەپێی ماددەی سێزدەی ئەم یاسایە پێویستە لەسەر دامودەزگاكان هەر چوار مانگ جارێك راپۆرتیك بەرز بكەنەوە بۆ دەستەكەمان وەلەناو ڕاپۆرتەكە ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت:-

أ- داواكارییە وەرگیراوەكان .

ب- ئەو داواكارییانەی چ بەتەواوی یان بەشێكیان پەسەند كراون یان بەتەواوەتی ڕەت كراونەتەوە.

ج- ناڕەزایی و داوا بەرزكراوەكان.

د- ئەو خولأنەی بۆ ڕاهێنانی فەرمانبەرەكان ئەنجام دراون.

٩- بەپێی ماددەی حەڤدەهەم لەكاتی ڕەت كردنەوەی داوای داواكار ، داواكار دەتوانیت سكاڵا لەبەردەم دەستەكەمان بەرزبكات بەمەرجێك لەپاش ڕەت كردنەوەی داواكەی ماوەی حەوت ڕۆژی بەسەر تیپەر نەبوبیت.

١٠ -بەپێی ماددەی هەژدەهەم لەم یاسایە بەر پرسیاریەتی سزاكاری و مەدەنی دەكەوێتە ئەستۆی هەركەسێك تەگەرە بخاتە بەر كارەكانی دەستە لەوەی پەیوەستە بە چاودیری كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

١١ - بۆ جێ بەجێ كردنی یاسای دەستكەوتنی زانیاری ودەركردنی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی یاساكە پێویستە دەستەكەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی تایبەت دەربكات بۆ دامودەزگاكانی حكومەت بۆ ئەوەی یاساكە بە شێوەیەكی ڕیك وپێك جێ بەجێ بكرێت .

## شكۆی ژمارە (3)

هەرێمی كوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆكی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٤٨
ڕێكەوت : ٢ / ١٠ / ٢٠١٤

**بۆ / گشت لایەنە پەیوەندیدارەكان**

(ئەنجوومەنی وەزیران ، وەزارەتی كارەبا ، وەزارەتی تەندروستی ، وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە ، دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوە ، پەیوەندییەكانی دەرەوەپارێزگای سلێمانی ، وەزارەتی ئەوقاف ، دەستەی وەبەرهێنان ، ب.گ.وەبەرهێنانی هەولێر ، ب.گ.وەبەرهێنانی سلێمانی ، ب. گ.وەبەرهێنانی دهۆك ، وەزارەتی شەهیدان ، تۆری هاوپەیمانیەتی ، فەرمانگە ڕێكخراوە ناحكومیەكان ، وەزارەتی خوێندنی باڵا ، وەزارەتی پەروەردە ، وەزارەتی كار ، وەزارەتی ناوخۆ ) .

**ب / یاسای بەدەست هێنانی زانیاری**

ئاماژە بە یاسای مافی دەستكەوتنی زانیاری ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٣ ماددەی سێزدە (١٣) دەبێت هەر چوار مانگ بەرێگای نوێنەرتان ڕاپۆرتێك ئامادە بكرێت وە ڕەوانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بكرێت بۆ ئەوەی دەستەكەمان بتوانی ڕاپۆرتی خۆی ئامادە بكات بەپێی یاسایەكە ، بەڵام بەداخەوە كە تاكو ئێستا هیچ ڕاپۆرتێك ئامادە نەكراوە ، بفەرموون بۆ وەڵام دانەوە .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

ضیاء بطرس صلیوا
سەرۆكی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

وێنەیەك بۆ:
- ✓ پەرلەمانی كوردستان / سەرۆكایەتی دیوان / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا..
- ✓ خوڵاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٢١

رێکەوت : ٢٠١٤/٣/٢٧

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان**

**ب/ کۆبوونەوە**

بەپێی مادەی (٢١) ی لە یاسای ژمارە ١١ لە ساڵی ٢٠١٣ یاسای بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان کەدەقەکەی:(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران وبەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات ) تکایە کاتێك دیاری بکرێت بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێزتان بۆ تاوتۆ کردنی ودانانی رێنماییەکی گونجاو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە .

لەگەل رێزماندا....

هاوپێچ:-
یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣.

**ضياء بطرس صليوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وێنەیەك بۆ:**
✓ خوڵاوی نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

اقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
Kurdistan Region/Iraq
The Independent Human Rights Commission
The Head Office

ژمارە : ٥٠

ڕێکەوت : ٤ / ٨ / ٢٠١٤

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان

ب/ کۆبوونەوە

دووپات لە نووسراوەمان ژمارە (٢١ ) لە ٢٧ / ٣ / ٢٠١٤ .

بەپێی مادەی (٢١) ی لە یاسای ژمارە ١١ لە ساڵی ٢٠١٣ یاسای بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان کەدەقەکەی: (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران وبەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات ) تکایە کاتێك دیاری بکرێت بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزتان بۆ تاوتۆ کردنی ودانانی ڕێنماییەکی گونجاو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە .

لەگەڵ ڕێزماندا....

هاوپێچ:-
- یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣.
- نووسراوەمان ژمارە (٢١) لە ٢٧ / ٣ / ٢٠١٤ .

ضياء بطرس صليوا
سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

وێنەیەك بۆ:
✓ خوڵاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٣٤

ڕێکەوت : ٣٠ / ٣ / ٢٠١٤

**بۆ / وەزارەتی بازرگانی / بەڕێز**

**ب / ناردنی ناوی کۆمپانیاکان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان بە دەست نیشان کردنی نوێنەرێك لە هەر کۆمپانیایەك کە بە شێوەیەکی فەرمی سەر بە وەزارەکەتانە وەکو لە یاسا هاتووە لە ماددەی یەکەم بڕگەی پێنجەم وئاگادارمان بکەنەوە بە ناو وناونیشانیان .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

هاوپێچ/ یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ .

**ضیاء بطرس صلیوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وێنەیەك بۆ:**

- ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین .
- خولاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٢٣

ڕێکەوت : ٣٠ / ٣ / ٢٠١٤

**بۆ / دەستەی دەست پاکی / هەرێمی کوردستان**

**بۆ / دەستەی چاودێری دارایی / هەرێمی کوردستان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەرێزتان :-

١- دەست نیشان کردنی فەرمانبەرێکی تایبەت و ئاگادارمان بکەن بە ( ناو وناونیشانی ) بۆ وەرگرتنی داواکاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەکە .

٢- ناردنی راپورت کە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەکەمان بە گوێرەی حوکمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێکراو .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

هاوپێچ / وێنەیەك لە یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ .

ضياء بطرس صليوا
سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

وێنەیەك بۆ:

✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .

✓ خولاوی نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٢٢ رێکەوت : ١٧/ ٣ / ٢٠١٤

**بۆ / فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای ماف بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەرێزتان :-

١- داوا بکرێت لە سەرجەم ئەم ڕێکخراوانەی کە لە فەرمانگەکەتان تۆمار کراون بە فەرمی بۆ دەست نیشان کردنی نوێنەرێك بۆ وەرگرتنی داواکاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەکە و ئاگادارمان بکرێت بە ناوی نوێنەرەکە .

٢- ناردنی ڕاپۆرت کە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەکەمان بە گوێرەی حوکمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێکراو .

٣- ناردنی لیستی ناوی ڕێکخراوەکان (لەگەڵ زانیاری لەسەر ڕێکخراوەکە ) بۆ دەستەکەمان .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

هاوپێچ: یاسای ژمارە ١١ ساڵی ٢٠١٣

**ضياء بطرس صليوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**نەیەك بۆ:**

✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی ماف مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
✓ ڕاوێژکار / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
✓ خولاوی نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە .

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
Kurdistan Region/Iraq
The Independent Human Rights Commission
The Head Office

هەرێمی كوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆكی دەستە

ژمارە : ١١

ڕێكەوت : ٤ / ٢ / ٢٠١٤

**بۆ / سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی دادوەری**

بەمەبەستی جێبەجێ كردنی ناوەڕۆكی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) كە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساكە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ كردنی لە لایەن دەستەكەمان بۆیە داواكارین لە بەڕێزتان :-

١- داوا بكرێت لە سەرجەم ئەو دادگاكانی سەربە ئەنجوومەنی بەڕێزتان بە دەست نیشان كردنی فەرمانبەرێكی تایبەت بۆ وەرگرتنی داواكاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەكە .

٢- ناردنی ڕاپورت كە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەكەمان بە گوێرەی حوكمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێكراو .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**ضیاء بطرس صلیوا**
**سەرۆكی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وێنەیەك بۆ:**

- ✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ ڕاوێژكار / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ خوڵاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٩

ریکەوت : ٢٦ / ٦ / ٢٠١٤

**بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان / سەرۆکایەتی دیوان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەرێزتان :-

١- داوا بکرێت لە سەرجەم ئەو فەرمانگانەی کە بەستراون بە سەرۆکایەتی بەرێزەکەتان بە دەست نیشان کردنی فەرمانبەرێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی داواکاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەکە .

٢- ناردنی راپورت کە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەکەمان بە گوێرەی حوکمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێکراو .

لەگەڵ رێزماندا ...

**ضیاء بطرس صلیوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وێنەیەك بۆ:**

✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
✓ راوێژکار / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
✓ خوڵاوی نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٨ | ڕێکەوت : ٢٩/ ١ / ٢٠١٤

**بۆ / سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆکایەتی دیوان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان :-

١- داوا بکرێت لە سەرجەم ئەو فەرمانگانەی کە بەستراون بە سەرۆکایەتی بەڕێزەکەتان بە دەست نیشان کردنی فەرمانبەرێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی داواکاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەکە .

٢- ناردنی ڕاپۆرت کە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەکەمان بە گوێرەی حوکمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێکراو .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**ضیاء بطرس صلیوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**وێنەیەك بۆ:**

- ✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ ڕاوێژکار / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ خوڵاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە .

هەرێمی کوردستان/عێراق
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نووسینگەی سەرۆکی دەستە

أقليم كوردستان/العراق
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
*Kurdistan Region/Iraq*
*The Independent Human Rights Commission*
*The Head Office*

ژمارە : ٧

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ / ٢٠١٤

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان**

بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) کە بە پێی مادەی سێیەم لە یاساکە بە مەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی لە لایەن دەستەکەمان بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان :-

١- داوا بکرێت لە سەرجەم وەزارەت و دەستەو ئەو فەرمانگانەی بەستراون بە سەرۆکایەتی بەڕێزەکەتان بە دەست نیشان کردنی فەرمانبەرێکی تایبەت بۆ وەرگرتنی داواکاری بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوونیان بە گوێرەی یاسایەکە .

٢- ناردنی ڕاپورت کە هەر (٤) مانگ جارێك بۆ دەستەکەمان بە گوێرەی حوکمی مادەی (١٣) لە یاسای ئاماژە پێکراو .

لەگەڵ ڕێزماندا ...

ضياء بطرس صليوا
سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

وێنەیەك بۆ:

- ✓ ب . گ . یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ ڕاوێژکار / بۆ زانین و بەدواداچوونەوە .
- ✓ خوڵاوی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە .

## شکۆی ژمارە (4)

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی یاسایی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
الدائرة القانونية

ژمارە : ١٢١٤ No :

ڕێکەوت : ٩ / ٢ / ٢٠١٤ ڕێبەندان/ ٢٧١٣ ی کوردی Date: ٩٨/ ٢ / ٢٠١٤

بۆ/ گشت وەزارەتەکان و دەستەو دام و دەزگا و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

ب/ جێ بەجێ کردنی یاسا

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە نووسراوی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ ژمارە ( ) لە ٢٠١٤/١/٢٩دەنێرین بۆتان ، پشتگیری لە ناوەڕۆکی نووسراوی سەرەوەیان دەکەین بۆ جێ بەجێ کردنی کاری پێویست بەپێ ی یاساو ڕێنماییەکان .

*لەگەڵ ڕێزدا...*

هاوپێچ :
وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە .

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان بە وەکالەت

وێنەیەک بۆ :

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان
- ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر ،سلێمانی،دهۆک ، ئیدارەی گەرمیان ،ئیدارەی ڕاپەڕین)

(بۆ ئەوانەی سەرەوە:) لەگەڵ هەمان هاوپێچ بۆ هەمان هۆبەستی سەرەوە بەپێ ی پەیوەندی و بەپێ ی یاساو ڕێنماییەکان ... لەگەڵ ڕێزدا .

- دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ / ئاماژە بە نووسراوی سەرەوەتان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت فەرمانگەکانی ئەم سەرۆکایەتی یە / لەگەڵ هەمان هاوپێچ / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- خولاو.

هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٣٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+
E- mail: cm@krg.org
جرز ٢٠١٤/٠٢/١١
Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2230210 - 2230247 - 2230248

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی یاسایی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
الدائرة القانونية

ژمارە : ٢٠٨٦ — No :

ڕێکەوت : ١٧ / نەورۆز / ٢٧١٤ ی کوردی — Date: ٢٠١٤/٤/٦

بۆ/ دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ

ب/ دیاری کردنی نوێنەری وەزارەتەکان

دوابەدوای نووسراومان ژمارە (١٢١٤) لە ٢٠١٤/٢/١٨ .

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لە نووسراوەکانی ئاماژە پێدراوی خوارەوە دەنێرین بۆتان کە تایبەتە بە دەستنیشان کردنی نوێنەری وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەمەبەستی وەرگرتنی داواکاری بەدەست هێنان و زانیاری و بەدواداچوون بە گوێرەی ماددەی (٣) لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری) .

لەگەڵ ڕێزدا...

١. وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (٥٤٩٠) لە ٢٠١٤/٣/١٦ .
٢. وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤٦٧٥) لە ٢٠١٤/٣/١٣ .
٣. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (٩٠٤) لە ٢٠١٤/٣/٩ .
٤. وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٢٧٠١) لە ٢٠١٤/٢/٢٤ .
٥. وەزارەتی کارەبا ژمارە (٢٤٦٣) لە ٢٠١٤/٢/٢٤ .
٦. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (١٢١٧) لە ٢٠١٤/٣/١٨ .
٧. فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ژمارە (١٢٦٧) لە ٢٠١٤/٣/٣ .
٨. فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە (٩٦) لە ٢٠١٤/٣/١٧ .
٩. دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ژمارە (١٦٤) لە ٢٠١٤/٢/٢٧ .

نێچیرڤان احمد عبداللە
سەرۆکی دیوان بە وەکالەت

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ - ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

| | |
|---|---|
| إقليم كوردستان ـ العراق<br>رئاسة مجلس الوزراء<br>رئاسة الديوان<br>الدائرة القانونية | ...ی کوردستان ـ عێراق<br>...رۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>سەرۆکایەتی دیوان<br>فەرمانگەی یاسایی |

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No :                                                                 ژمـــارە :

Date:      /      /                                  ٢٧ ی کوردی      /      /      ڕێکەوت :

وێنەیەک بۆ :

- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
- وەزارەتی پەروەردە
- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
- وەزارەتی تەندروستی
- وەزارەتی کارەبا
- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان

ئاماژە بە نووسراوەکانی سەرەوەتان بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .

- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم
- فەرمانگەی یاسایی/ لەگەڵ بەراییەکان .
- خولاو.

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: cm@krg.org
٢٠١٤/٠٣/٣ جز
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+

## پاشکۆی ژمارە (5)

**بڕیاری پارێزگاری سلێمانی بە کردنەوەی گۆشەی پێدانی زانیاری بە هاوڵاتیان**

هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ / پارێزگای سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

أقليم كردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الداخلية /محافظة السليمانية
مديرية الأدارة

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Interior/ Slemani Governorate

ژمارە: ٧٧٨ No:
ڕێکەوت: ٢٤ / ١ /٢٠١٨ Date: / /2018

**فەرمان**

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای ماف و دەستکەوتنی زانیاری هەرێمی کوردستان - عێراق) و بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان بەخشراوە لەدەسەڵاتە کارگێڕییەکان بە پێی بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی (٢٠١٦) بڕگەی شەشەم

<u>بڕیارماندا بە:</u>

١- کردنەوەی گۆشەی زانیاری پێدان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پارێزگای سلێمانی.

٢-بەڕێز (ناسک ئەنوەر حسین)ڕاسپێردرا بە بەڕێوەبردنی ئەم گۆشەیە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پارێزگای سلێمانیدا لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
پارێزگاری سلێمانی
٢٠١٨/١/١٨

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ نوسینگەی تایبەت
- ✓ گشت قائیمقامیەتەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی
- ✓ گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی
  } پێویستە ئەم گۆشەیە لە هەموو یەکە کارگێڕیی و بەڕێوەبەرایەتیە گشتی و فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا بکرێتەوە لە کردنەوەی ئاگادارمان بکەنەوە بۆ کاری پێویست ..لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی
- ✓ گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی دیوانی پارێزگا
- ✓ گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی کاروباری هونەری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ
  } بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ بەڕێز (ناسکە انور حسین) بۆ کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ دۆسیەی تایبەت

هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ / پارێزگای سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الداخلية/محافظة السليمانية
مديرية الأدارة

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Interior/ Slemani Governorate

No: ژمارە: ٤٨٩٦
Date: / /2018 ڕێکەوت: ٢١/٥/ ٢٠١٨

**بۆ/ گشت قائیمقامیەتەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی**

**ب/ فەرمان**

جەخت دەکەینەوەلەناوەڕۆکی فەرمانمان ژمارە(٧٧٨) لە(٢٠١٨/١/٢٢) کەهاوپێچی نووسراومانە بۆ کردنەوەی گۆشەی زانیاری پێدان بەپی ی بڕیاری ژمارە(٢)ساڵی (٢٠١٦) ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

**بۆکاری پێویست ..... لەگەڵ ڕێزدا.**

هاوپێچ:-
- وێنەیەک لەفەرمانی ژمارە (٧٧٨) لە ٢٠١٨/١/٢٢.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
پارێزگاری سلێمانی
٢٠١٨/٥/ ٢١

***وێنەیەک بۆ:***
- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی /بۆئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی تایبەت.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی /لەگەڵ وێنەیەک لەفەرمانی هاوپێچ بۆکاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان /بۆئاگاداریتان و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی /لەگەڵ وێنەیک لەسەرەتاکان .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی پارێزگا.
- کاروباری هونەری /بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ.

(بۆئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا. — بۆ سێ خاڵی سەرەوە)

- بەڕێز(ئاسک انور حسێن) /لەگەڵ وێنەیەک لەسەرەتاکان بۆکاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

پارێزگای سلێمانی - ڕێگای سەرەکی سلێمانی - تاسلوجە - نزیک پردی قلیاسان /// www.sulgov.com /// ژمارەی تەلەفون (3183010 - 3183020)
NAZA/ ٣٤ ٢٠١٨/٠٥/٢١ ١٢:٤٥:٠٦ م

## پاشکۆی ژمارە (6)

**ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسانی بەشێک لە دامەزراوە میدیاییەکان لەبارەی پێدانی زانیاری لە وەزارەتی دارایی**

لە ڕاگەیەنراوێک کە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەولێر لە بەرواری (٢٠١٨/٠٧/٠٣) بڵاویان کردۆتەوە تیایدا ڕەخنە لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی لەبارەی جیاکاری لەنێوان ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکان لەپێدانی زانیاری و ڕایانگەیاندووە " ، ئەم ڕەفتارەی وەزیری دارایی جگە لەوەی پێچەوانەی یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیارییە، هاوکات جیاوازی کردنە لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گومان دەخاتە سەر کارەکانی وەزیری دارایی"

**دەقی ڕاگەیەنراوەکەی ڕۆژنامەنووسان بخوێنەوە:**

**بۆ ڕای گشتی**

**بابەت/ پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە**

ماوەی چەند مانگێکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی لیستی مووچەی فەرمانبەراندا، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بە شەخسی زانیاری لیستی مووچەی وەزارەتەکان بۆتەنها ڕۆژنامەنووسی دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەنێرێت و بڵاوی دەکاتەوە، دوای تێپەڕ بوونی نزیکەی کاتژمێرێك لە ریگەی راگەیاندنی وەزارەتەوە دەدرێت بە دەزگاکانی تری راگەیاندن بۆ بڵاو کردنەوە.

ئەم ڕەفتارەی وەزیری دارایی جگە لەوەی پێچەوانەی یاسای مافی بە دەستهێنانی زانیارییە، هاوکات جیاوازی کردنە لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گومان دەخاتە سەر کارەکانی وەزیری دارایی و پەیوەندی لەگەل ئەو کەناڵە راگەیاندنە.

ئێمە وەک ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ناومان لە خوارەوە هاتووە سەرباری ناڕەزایەتی دەربڕینمان لەسەر ئەم جۆرە ڕفتارانەئ وەزیری دارایی، کە بەردەوام دووبارەیان دەکاتەوە، بەڵگەمان لەسەر هەندێک ڕۆژنامەنووس هەیە کە لە ناو ڕۆژنامەنووسانی دیکە دەڵێن ئێمە لیستی مووچە بۆ وەزیری دارایی و ڕاگەیاندنی وەزارەتیش دەنێرین تا بڵاوی بکەنەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە وەزیری دارایی کاروباری وەزارەتەکەی لە ژێر دەستی حزب و دەزگایەکی ڕاگەیاندنی حزبی سەر بە دەسەلاتدایە.

ئەمە لە کاتێکدایە چەند جارێک وەزیرمان لەو کارە دووبارە کردۆتەوە و بەڵێنی چارەسەری داوە بە ڕۆژنامەنووسان بەڵام ئێستا دووبارە دەستی پێکردۆتەوە

داوا دەکەین حکومەت و وەزارەتی دارایی کۆتایی بەو جیاوازییە لەنێوان دەزگاکان بێنن.

ڕۆژنامەنووسانی هەولێر لە دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندن:

1. هێرش قادر
2. بڕیار محمد
3. سەرتیپ قەشقەیی
4. کۆچەر علی
5. ڕێبوار کاکەیی
6. ڕێناس علی
7. ئاکار خالید
8. هەژار ئەنوەر
9. ئومێد چۆمانی
10. ئاکار فارس
11. سالح هەرکی
12. کاروان شاونی
13. ئومێد چۆمانی
14. وەلی سەلیم
15. محمد شێخ بزێنی
16. ئەحمەد مستەفا
17. هانا چۆمانی
18. ئاسۆ هیرانی
19. هۆگر عومەر
20. ئاراس عەزیز
21. عیسا عبدالقهار
22. شەوکەت قادر
23. کاروان عوسمان
24. سەعید عبدالله

## پاشکۆی ژمارە (7)

**وەڵامی وەزارەتی پەروەردە بۆ فۆڕمی زانیاری داواکراو لەلایەن ڕێکخراوی ستۆپ**

### ژمارەی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان

بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ ـ ٢٠١٧)

| پارێزگا | باخچەی منداڵان | بنەڕەتی | ئامادەیی | نێودەوڵەتی | بیانی | هاوبەش (سابیس) | پەیمانگە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٦ | ٣٥ | ٢٨ | ١٢ | ٣ | ٣ | ٢١ | ١٥٨ |
| سلێمانی | ٣٢ | ١٤ | ٤ | ٤ | ٢ | ١ | ١٠ | ٦٧ |
| دهۆک | ١٢ | ٨ | ٣ | ٤ | . | ٢ | ٤ | ٣٣ |
| هەڵەبجە | ١ | . | . | . | . | ١ (فەزالەر) | ١ | ٣ |
| گەرمیان | ٣ | ٣ | . | . | . | ١ | ٤ | ١١ |
| کەرکوک | ٣ | . | . | . | . | . | ٤ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٧ | ٦٠ | ٣٥ | ٢٠ | ٥ | ٨ | ٤٤ | ٢٧٩ |

بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی
وەزارەتی پەروەردە

## پاشکۆی ژمارە (8)

**وەڵامی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بۆ فۆڕمی زانیاری داواکراو لەلایەن ڕێکخراوی ستۆپ**

هەرێمی کوردستان
دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ
نوسینگەی سەرۆك
بانکی زانیاری

أقليم كوردستان
الهيئة المستقلة لحقوق الانسان
مكتب رئيس الهيئة
بنك المعلومات

ژمارە : ١/١٥/٦٩٨

٨/٧/٢٠١٨

بۆ / ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی

بابەت / وەڵام

نوسراوتان ژمارە 18 لە 6/20 .

1) ئاگادارتان دەکەینەوە کە هیچ سکاڵایەك تۆمار نەکراوە تایبەت بە یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2018

2) هیچ دامەزراوەو وەزارەتێکی حکومەتیش ڕاپۆرتی خۆی نەناردوە بۆ دەستە .

لەگەڵ ڕێزماندا........

ضیاء بطرس صلیوا

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

وێنەیەك بۆ:

- ب . نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە
- ب . کارگێری و خۆیەتی
- بانکی زانیاری
- خولاو

e.mail:ragayandn.maf@gmail.com
هەولێر _ گەرەکی ئازادی/بەرامبەر یاریگا (00964)0751641466

## بەشێك لە چاڵاكی و بڵاوكراوەكانی رێكخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی

**پرۆژەی (بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان)** رێكخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی بەهاوكاری "سندوقی نیشتیمانی بۆ دیموکراسی NED" کە دەمەزراوەیەکی ئەمریکیە جێبەجێی دەكات، ئەم پرۆژەیە درێژخایەنە لە ساڵی 2015ەوە دەستی پێكردوە، ئێستاش بەردەوامە و ساڵانە بەستراتیژیەتێكی نوێ دەستپێدەكاتەوە. بیرۆكەی پرۆژەكە، بۆ ساڵی (2015 – 2016) چاودێری كردنی میدیا بەشێوەیەكی گشی کۆکردنەوە و دیکۆمێنتکردنی ئەو راپۆرت و زانیاریانەی لەسەر گەندەڵی بڵاودەكرێنەوە، دواتر لە راپۆرتێك بە نوسراو ئاراسەی دامودەزگای چاودێری و لێكولینەوەكانی هەرێمی كوردستان دەكرا بە تایبەتی هەریەكە لە (دەستەی دەسپاكی و داواكاری گشتی) بۆ لێكۆلینەوە و بەدواداچون. بەشێكی دیكەی، چاودێریكردنی پرۆژەكانی چاكسازی و پرۆسەی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی بوو، چاودێری ئاستی جێبەجێ كردنی بەڵێنەكانی چاكسازی.

**ئەنجامی پرۆژەكە:**

1. دیكۆمێنتكردنی كەیسەكانی گەندەڵی.
2. پەڕینەوەی ئەزموونی بەرەنگاری گەندەڵی بۆ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی.
3. دروستكردنی پردی پەیوەندی هاوكاری و هەماهەنگی لە نێوان دام و دەزگای چاودێری لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و میدیا.
4. بینای زانیاری و مەعریفەی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی بۆ چالاكوانان هەولێر.
5. كردنەوەی چەندین دۆسیە لە دادگاكان بۆ كەیسەكانی گەندەڵی كە لە میدیا بڵاوكرانەوە.

لەو ماوەیەدا (10) راپۆرتی لە سەر دۆسیەكانی گەندەڵی بڵاوكردەوە.

**لە ساڵی (2017) كە دەكاتە وەرزی سێیەمی پرۆژەكە، بەستراتیژیەتێكی نوێ كار لەسەر:**

1. دروستكردنی تۆڕی شەفافی لە شاری هەولێر، بۆ چاودێری كردنی ئاستی جێبەجێ كردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری لە دامودەزگاكانی حكومەت دەكات.
2. كاراكردنەوەی یاساكانی پاڵپشت بۆ بەهێزكردنی لێپرسینەوە و ڕوبەروبونەوەی گەندەڵی، كاركردن لەسەر چەند یاسایەك كە پاڵپشت دەبن بۆ بەهێزكردنی لێپرسینەوە و ڕووبەروبونەوەی گەندەڵی. بەتایبەت هەمواری یاسای داواكاری گشتی ساڵی (1979) بۆ ئەوەش سوود لە ئەزمونی ئەنجومەنی نوێنەران وەردەگیرێت، بۆ ئەوەش 4 دانیشتنی بچوكراوە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێرانی عێراق و پەرلەمانی كوردستان و سەندیكای مافپەروەران و داواكاری گشتی و پسپۆرانی یاسایی و مامۆستایانی زانكۆ و چالاكانی مەدەنی، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەلەبجە، پاشان ئەنجامدانی كۆنفرانسێكی لەسەر ئاستی كوردستان بۆ بڵاوكردنەوەی راسپاردەكان بۆ هەمواری یاسای داواكاری گشتی.
3. دروستكردنی فەرهەنگێكی تایبەت بە چەمك و زاراوەی گەندەڵی، بۆ ڕوونكردنەوە و پێناسەكردنی چەمك و رەهەند و شێوازەكانی گەندەڵی و چەند پرسێكی تایبەت بە روبەڕونەوەی گەندەڵی فەرهەنگێك ئامادە و چاپ دەكەین كە پێكهات بێت لە (100) لاپەڕە و زیاتر لە 150 چەمك راڤە و شیدەكرێنەوە تایبەت بە گەندەڵی، چونكە تاكو ئێستا هیچ فەرهەنگێكی لەو شێوەیە لە هەرێمی كوردستان نیە، ئەوەش وای كردوە بەكارهێنانی چەمكەكان پاڵپشت نەبێت بە زانیاری پێش وەختە و هەندێجار تێكەل كردنی چەمكەكان.

**لەو ماوەیەدا رێكخراوی ستۆپ كاری بۆ ئەو سێ پرۆژە كردوە:**

1- پرۆژەی (بەهێزكردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لە هەرێمی كوردستان) بڕیار وایە ساڵی ئایندە بە ستراتیژیەتێكی نوێ كارەكانی بەرێوە بات.

2- پرۆژەی (چاودێری كردنی پرۆژە و هانگاوەكانی چاكسازی حكومەت) لە كۆتایی هەموو ساڵێك راپۆرتێك تێروتەسەل لەو بارەوە بڵاودەكاتەوە.

3- پرۆژەی (بەشداری كۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی چاكسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی) كە بە هاوكاری ئەنیستیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان جێ بەجێ دەكرێت.

**ماڵپەڕی (ستۆپ ئەی سی – Stopac)** لە ناوەڕاستی ساڵی 2017 رێكخراوی ستۆپ ماڵپەڕێكی بە هەردوو زمانی (كوردی و ئینگلیزی) دروستكرد، بۆ ئەوەی ببێتە پێگەیەك بۆ بڵاوكردنەوەی تەواوی ئەو راپۆرتانەی رێكخراوەكەمان لە چوارچێوەی پرۆژەكانی بڵاویكردۆتەوە، هەروەها بڵاوكردنەوەی گشت ئەو هەوڵ و چالاكیانەی رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی شەفافیەت و دیموكراسی و كەمكردنەوەی ئاستی گەندەڵی دەیدەن.

**سایتەكە گرنگی دەدات بە:**

1- پرسی گەندەڵی و شەفافیەت لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە.

2- بڵاوكردنەوەی راپۆرتە ناوخۆییەكان و هەنگاوەكانی چاكسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی.

3- بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە بارەی (گەندەڵی و شەفافیەت).
4- ئیشکردن لەسەر ئەو دۆسیانەی گەندەڵی کە لە شێوەی (هەواڵ و راپۆرت و زانیاری) لەبارەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.
5- ببێتە پێگەیەك بۆ بە دەستهێنانی هۆشیاری و مەعرریفە لە بارەی (گەندەڵی و شەفافیەت).
6- بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر گەندەڵی دەردەچن.
7- خستنە رووی ئەزموونی چاکسازی وڵاتان، تا ببێتە بانکێکی زانیاری بۆ گشت چین و توێژەکان بە تایبەتی چالاکوانان و میدیاکاران و لێکۆڵەران و مامۆستا و قوتابیانی زانکۆ...هتد.
8- دانان و بڵاوکردنەوەی گشت ئەو قانونە نێوخۆیی و نێودەڵەتیانەی کە بۆ پێشخستنی شەفافیەت و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەرچوون.
9- دروستکردنی لینکی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە جیهانیەکانی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی.

## بڵاوکراوەکانی:

**1. زنجیرەی یەکەم: راپۆرتی وەرزی یەکەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان.**
**2. زنجیرەی دووەم: راپۆرتی وەرزی دووەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**3. زنجیرەی سێیەم: راپۆرتی وەرزی سێیەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**4. زنجیرەی چوارەم: راپۆرتی وەرزی چوارەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**5. زنجیرەی پێنجەم: راپۆرتی ساڵانە (2015 - 2016) داتاکانی گەندەڵی**
**6. زنجیرەی شەشەم: راپۆرتی وەرزی پێنجەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**7. زنجیرەی حەفتەم: راپۆرتی وەرزی شەشەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**8. زنجیرەی هەشتەم: راپۆرتی وەرزی حەفتەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**9. زنجیرەی نۆیەم: راپۆرتی وەرزی هەشتەمی پرۆژەی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و دەسەڵاتی یاسا لەهەرێمی کوردستان**
**10. زنجیرەی دەیەم: راپۆرتی (چاودێری و هەڵسەنگاندنی بڕیار و راسپاردەکان) بڕیار و راسپاردەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان 2016/1/1 تاوەکو 2016/12/9**
**11. زنجیرەی یازدەیەم: اپۆرتی ساڵانە (2016 - 2017) داتاکانی گەندەڵی.**
**12. زنجیرەی دوازدەیەم: بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی چاکسازی و روبەروبونەوەی گەندەڵی.**
**13. زنجیرەی سێزدەیەم: ئەنجامی راپرسیەك لەبارەی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان**
**14. راپۆرتی هەڵسەنگاندن و ئاستی جێ بەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری (1)**
**15. راپۆرتی بەرەو بەهێزترکردنی رۆڵی دەزگای داواکاری گشتی**
**16. راپۆرتی هەڵسەنگاندن و ئاستی جێ بەجێ کردنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری (2)**

### تۆڕی تارگێت بۆ شەفافیەت و سەروەری یاسا پێکهاتوە لە:

- ئینستیتیونی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان
- رێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی
- رێکخراوی چاوی زانکۆ
- رێکخراوی ئینەف
- کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان
- رێکخراوی ئاوێزە
- رێکخراوی ئیلهام
- رێکخراوی گوزارشت
- رێکخراوی کوردۆزانست
- رێکخراوی دۆستایەتی
- رێکخراوی نورەکان
- ناوەندی سۆشیال بۆ پرسەکانی گەنج
- ئینستیوتی لۆبی

## ستافی جێبەجێ کردنی پرۆژە

| بەڕێوەبەری پرۆژە | لیژنەی سەرپەرشتی پرۆژە | لیژنەی هەماهەنگی |
|---|---|---|
| فەرمان ڕەشاد | ئاری عەبدوڵڵا | خەتاب عەزیز |
| | یونس حەمەد | هەژار سەلیم |

# Assessment and implementation level of the Law on Access to Information

## Annual Report 2018

## SUMMARY

Assessment and Implementation of the Law on Access to Information

This report consists of assessment and analysis of the Law on Access to Information in the Kurdistan region, follow-up and research on the law and barriers in front of the law is explained, a transparent government and a conscious citizen are two vital conditions for a functioning democracy, the availability of information is a fundamental human right.

The Kurdistan region of Iraq (KRG) has passed Law No. 11 on Access to Information, this Act in relation to similar laws in the region, is a very good law but the problem that is not active in reality and therefore it is necessary to activate the law by pushing the authorities to take serious steps to put life into the law.

The report contains:
Preface
Obstacles and challenges
A poll on the implementation of Law on Access to Information
Monitoring of electronic websites to the parliament, government and ministries
Report recommendations
Recommendations by Transparency International
Documents and information

# Assessment and implementation level of the Law on Access to Information

## Annual Report 2018

Stop Organization
for anti-corruption

www.stopac.org
info@stopac.org
07816958474 - 07504855967